

گۆڤاری زانكۆ بۆ زانسته مرۆڤایەتییەکان
ISSN (Print):2218-0222
ISSN (Online): 2412-396X

Vol.28 Issue SpB 2024
ID No. 1425 (PP 320-347)
https://doi.org/10.21271/zjhs.28.SpB.16

توێژینەوە

# ئاستی بەها ڕەوشتییەکان لای منداڵانی باخچە

**ئالآن علی احمد** / بەشی باخچەی ساوایان، کۆلیژی پەروەردەی بنەڕەت، زانکۆی سەلاحەددین-هەولێر،هەولێر،هەرێمی کوردستان،عیراق.

**ئاسۆ صالح سعيد** / وەزارەتی خوێندنی باڵای توێژینەوەی زانستی/ بغداد

## پوختە

ئامانجی ئەم توێژینەوەیەی ئێستازانینی بەهارەوشتیەکان لای منداڵانی باخچە،وئاستی بەهارەوشتییەکانی بەپێی بەهاکانی(ڕاستگۆیی،ئەمانەت،مۆڵەت، دادپەروەری). پێوەری بەهای ڕەوشتی لە (24) بڕگە پێکدێت و بەسەر چوار بواردا دابەش کراوە بە شێوەی ڕاستەوخۆ: (4) بڕگە بۆ بواری یەکەم کە ڕاستگۆییە وە (4) بڕگەش بۆ بواری دووەم کەدادپەروەریە وە (8) بڕگەش بۆ بواری سێیەم کە ئەمانەتە وە (8بڕگەش بۆ بواری چوارەم کەمۆڵەت،لە ڕێگەی وەڵامدانەوەی هەڵبژاردنی یەکێك لە سێ جێگرەوەکە وەڵام دەدرێتەوە (هەرگیز، هەندێك جار، هەمیشە) توێژەر بۆ بە دەستهێنانی ئەم جۆرە هەڵسا بە جێبەجێکردنی پێوەرەکەلەسەرنموونەی شیکردنەوەی ئاماری کە پێکهاتبوو لە (400) منداڵ،وە هاوکۆڵکەی جێگری گەیشتە (0.982)وە توێژەر بۆی دەرکەوت کە بەڵگەداری مەعنەوییەلە ئاستی (0.05) ، و ئاستی بەها ڕەوشتییەکان بەپێی بەهاکانی(ڕاستگۆیی،ئەمانەت،مۆڵەت، دادپەروەری):لە ئەنجامدا دەرکەوت کە جیاوازی واتادار هەیە لەنێوان بوارەکان.

وە لەکۆتایی توێژینەوەکەتوێژەرلەژێر ڕۆشنایی ئەنجامەکان گەیشتە هەندێک پێشنیارو‌ڕاسپاردەکەپەیوەستن بەوتوێژینەوەی ئێستا .

CORRESPONDENCE
ئالآن علی احمد
allan.ahmed@su.edu.krd

| | |
|---|---|
| وەرگرتن | 2023/07/23 |
| پەسندکردن | 2023/09/10 |
| بڵاوکردنەوە | 2024/08/15 |

**وشە سەرەکییەکان:**
بەهای ڕەوشتی،
منداڵانی باخچە .

**About the Journal**
ZANCO Journal of Humanity Sciences (ZJHS) is an international, multi-disciplinary, peer-reviewed, double-blind and open-access journal that enhances research in all fields of basic and applied sciences through the publication of high-quality articles that describe significant and novel works; and advance knowledge in a diversity of scientific fields.
https://zancojournal.su.edu.krd/index.php/JAHS/about

## ١- پێشەکی

### ١-١ کێشەی توێژینەوە :

قۆنـاغی منـداڵێتی لە گـرنگترین قۆناغەکـانی گەشـەکردن دادەنرێـت کە مـرۆڤ پێیـدا تێـدەپەڕێت، بە بەردی بنـاغەی بونیـادی کەسایەتیش دادەنرێت، ئەمەش زۆربەی تیۆرە دەروونییەکان جەختیان لەسەر کردۆتەوە، بە تایبەتی پێنج ساڵی یەکەمی تەمەنی و بە قۆناغی بونیادنانی کەسایەتیی تاك دادەنرێت کە کاریگەریی خۆی لەسەر قۆنـاغە تەمەنییەکـانی دیـکەی بەجێـدەهێڵێت. بەرکەوتـنی کۆمەڵگەی عێراقی بە گشتی و منداڵان بە شێوەیەکی تایبەت بۆ گۆڕانکارییە خێراو لە ناکاوەکـان و جەنـگ و ئەو قەیرانـانەی پێیانـدا تێپەڕیوەو هەستکردن بە ترس لای توێژەران و ئەوانەی کار لە بواری پەروەردەدا دەکەن دروست کردووە لە رووداني کەموکووڕی لە سیستەمی بەهایی تاکەکان. لێکۆڵینەوەکان ئەوەیان دەرخستووە کە بەرکەوتنی کۆمەڵگەکان بۆ ئەم جۆرە هەڵـومەرج و قەیرانـانە وا دەکات ئەستەم بێت تاکەکانی وابەستەو گرێدراوی ئەو بەهاو پێوەرانە بن کە باڵ بەسەر کۆمەڵگەدا دەکێشێت، بە جۆرێك بەرە بەرە لە بەهاو پێوەرە رەوشتییەکان دوور دەکەوێتەوە، بەمەش دوورکەوتنەوەیان لە رەسەنایەتی و بەهاکانیـان و کەلتووریـان (ال عیسـی، 2010: 2).رەوشت پێداویستییەکە لە پێداویسـتییەکانی ژیـانی مرۆڤـایەتی، چـونکە رەوشـت رەفتـاری تـاك ئاراسـتە دەکـات و جیـای دەکاتەوەو بەهای مرۆڤایەتی پێ دەبەخشێت. (الغامدی، 1418هـ - 1997: 322). لایەنی رەوشتی، بەهاو نموونەو خـوو و نەریـت و پێوەرە رەفتارییەکان لەخۆدەگرێت، هەر ئەویش یارمەتیی تاك دەدات لە گەیشتنی بە سازانی کـۆمەڵایەتی، منـداڵیش لە دەسـتپێکی سـاڵەکانی تەمەنـی یەکەمیـدا هەنـدێك بیـرۆکەی دەربـارەی راسـت و هەڵە لایە، بەڵام توانـای تێگەیشـتنی لە پێـوەرە رەوشـتییە جیاوازەکان نییەو بە پێشکەوتنی منداڵ لە رووی تەمەنیشەوە ئەو تێگەیشتنە زیاترو روون و رەوانتریش دەبێت. (محمد، 2008: 60). هەرِەشەو بەرەنگاربوونەوەکانی سەردەم و شۆڕشی پەیوەندیکردن و ئامرازەکانی راگەیاندن، وایان لێکردووین زۆرتـرین پێویسـتیمان بە بەها رەوشتییەکان هەبێت بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەو هەرەشـانەی کە خەریـکە هەرچـی بەهـاو رێسـاو بنەمـای رەوشـتی هەیە کە پەیوەندیدارن بە بەرزەفتکردنی رەفتارەوە لە بنەوە هەڵتەکێنن، بۆیە قۆناغی منداڵێتی لە گرنگترین قۆناغە یەکلاییکەرەوەکانی ژیـانی تاك دادەنرێت، چونکە یەکەم تۆوی کەسایەتی تێدا دەچێندرێت (الراشد، 2016: 251). کێشەی توێژینەوەکە لە میانی هەسـتکردنی توێژەر دەرکەوت، ئەوەش لە سۆنگەی ئەوەی وەکو مامۆستایەکی باخچەی منداڵان کار دەکات و لە میانی سەرنجدانی لە ئەدەبیـات و توێژینەوەکانی پێشووترەوە بۆی دەرکەوت کە پێویسـتییەکی زۆر بە زانینـی ئەوە هەیە کە بەهـا لای منـداڵانی بـاخچە چییەو چـی دەگەیەنێت، لێرەوە کێشەی توێژینەوەکە خـۆی لە وەڵامـی ئەم پرسـیارەدا دەبینێـتەوە: بەهـا رەوشـتییەکان لای منـداڵانی بـاخچەی منداڵان چییە؟

### ١-٢گرنگیی توێژینەوە :

بەها رۆڵێکی گرنگ و بنەڕەتی لە هێنانەدیی گونجاندن و هۆگربوونی نێوان تاك و چوارچێوەی کۆمەڵایەتیدا دەگێڕێت کە مـامەڵەی لەگەڵدا دەکات، بە یەکێك لە کۆڵەگە بنەڕەتیـە زانسـتییە پەروەردەییەکـان دادەنرێـت، بەمەش بەهـا گـرنگترین مەبەسـتی گەشـەی کۆمەڵایەتی و ئەرکەکانی پێکدەهێنێت، چونکە فێرخواز لە هەر دەستەیەکی تەمەنیـدا بێـت، پێویسـتیی بەوە هەیە چـۆن دەتوانێـت رێگەیەکی دروست بۆ ژیان بگرێتەبەر ئەوەش لە رێگەی هەڵسوکەوتەوە. (أبو جادو، 1998: 233). بۆ نموونە توێژینەوەىتوێژینەوە ی النوری (1985)بەهاکان لە چیرۆکی منـداڵان لە هەنـدێك لە وڵاتـانی عەرەبـی". ئامـانجی لێکـۆڵینەوەکە زانینـی ئەو بەهایـانە بـوو کە چیرۆکەکانی منداڵان لە عێـراق و ئەردەن و تـوونس پەخشـیان دەکەن و چـۆنیەتی ریزبەنـدکردنیان و رێکـاریی بەراوردکـاریی نێـوان چیرۆکە بڵاوکراوەکان لەو سێ وڵاتەدا.وە لە ئەنجامداکە کۆمەڵەی بەها تەواوکـارییە کەسـییەکان ریزبەنـدی یەکەمـی گـرت و بەدوای ئەویشـدا کـۆمەڵەی بەهـا مەعریفییەکـان و کـۆمەڵەی بەهـا جوانکارییەکـانیش ریزبەنـدیی سـێیەمیان گـرت، کـۆمەڵەی بەهـا کۆمەڵایەتییەکـانیش چـوارەم و لە ریزبەنـدی پێنجەمـیش بەهاکـانی پشـوودان و کاتبەسـەربردن (الترويحيـة)، کـۆمەڵەی بەهـا رەوشـتییەکانیش لە ریزبەنـدی شەشـەم و کـۆمەڵەی بەهـا ئابوورییەکـانیش لە ریزبەنـدی حەوتەم و بەهـا نیشـتیمانییەکانیش لە ریزبەندی هەشتەم و کۆتاییدا هات (ال عیسی، 2010: 68 - 69) لە پێناوی ئەوەدا هەر دەبێ هەڵوەستە لەسەر بەها رەوشتییە چاك

و رەسەن و كاریگەرەكانی سەر رەفتاری تاكەكان بكەین و پاشانیش چۆنیەتیی كاراكردنیان و چاندنیان لە ناخی رۆڵەكانماندا، پەیمابەری خوا محەمەد (د.خ) مامۆستاو پەروەردەكارێكی لێهاتووی هاوەڵەكانی بوو لەسەر ئەو بەها رەوشتیيە چاكانە. بۆیە زۆر پێویستە پەروەردەو فێركردن لە رێگەی پیادەو پەیرەوكردنی شێوازە گونجاوەكانەوە ئەنجام بدرێن. (العیسی، 1430 هـ، 2009: 8).

وە لە توێژینەوەی توێژینەوە ی المعلوف والعوامره (2018):رۆڵی باخچەی منداڵان لە چاندنی بەهای پەروەردەی رەوشتی لای منداڵان لە روانگەی مامۆستایان و بەڕێوەبەران لە پارێزگای عەممانی پایتەخت". ئامانجی لێكۆڵینەوەكە دەرخستنی رۆڵی باخچەی منداڵانە لە چاندنی بەهای پەروەردەی رەوشتی لای منداڵان لە روانگەی مامۆستایان و بەڕێوەبەران لە پارێزگای عەممانی پایتەخت،لە ئەنجامدا لێكۆڵینەوەكەش رۆڵی باخچەی منداڵانیان لە روانگەی مامۆستایان و بەڕێوەبەرانی قوتابخانەوە دەرخست لە چاندنی بەها پەروەردەیيە رەوشتییەكان لای منداڵان. بە نمرەیەكی بەرز بوونی جیاوازیی بەڵگەداریی ئاماری لە رۆڵی باخچەی منداڵان لە چاندنی بەهای پەروەردەی رەوشتی لە روانگەی مامۆستایان و بەڕێوەبەرانەوە دەگەڕێتەوە بۆ شیاندنی زانستی. بە جۆرێك كە جیاوازییەكان لە بەرژەوەندیی شیاندنی زانستیی بەكالۆریۆس بوون، پاشانیش لە بەرژەوەندیی كەمتر لە بەكالۆریۆس. هەروەها نەبوونی جیاوازیی بەڵگەداریی ئاماری لە رۆڵی باخچەی منداڵان لە چاندنی بەها پەروەردەیيە رەوشتییەكان لە روانگەی مامۆستایان و بەڕێوەبەرانەوە كە بگەرێتەوە بۆ جۆری باخچەو ساڵانی ئەزموون. لێكۆڵینەوە لە منداڵێتی و بایەخدان پێی، لە گرنگترینی ئەو پێوەرانە دادەنرێت كە پێشكەوتن و پەرەسەندنی گەلان و نەتەوەكانی پێ پێوانە دەكرێت، قۆناغی باخچەش لە گرنگترینی ئەو قۆناغانە دادەنرێن و زیاترین كاریگەریشیان لەسەر ژیانی مرۆڤ و قۆناغی پێكهێنانی كەسایەتیی تاك هەیە، چونكە گەشەی جەستەیی و دەروونی و عەقڵی و كۆمەڵایەتی، هەر هەمووی لەو قۆناغەدا گەشە دەكات و بەرجەستە دەبێت. (علی وعلی، 2018: 55). گرنگی و گرینگی بابەتی (بەها) لە پەیوەستگیریی ئەو بەهایانەوە بە كەسایەتیی مرۆڤەوە سەرچاوە دەگرێت، چونكە مرۆڤ بریتییە لە كۆمەڵە (بەهایەك) كە رەفتارو هەڵسوكەوتەكانی ئاراستە دەكات، چونكە رێكخستنی بڕیارە عەقڵی و دەروونی و هەڵچوونییەكانیەتی و بە شێوەیەك نەخشەسازی بۆ دەكات كە لەگەڵ كەسەكان و شت و واتاو لایەنی چالاكییەكانیدا بگونجێت و بسازێت. هەر شتێكیش كاتێك بەلای مرۆڤەوە (بەها)ی دەبێت، بە ئەندازەی (كارلێك)ی مرۆڤەكە لەگەڵ ئەو (شتە)و گرتنەبەری هەڵوێستێكی دیاریكراو بەرانبەری. لێرەدا بەها خەسڵەت و تایبەتمەندییەو شتەكە یان بابەتەكە وەریدەگرێت، ئەوەش لە رەوتی كارلێكی مرۆڤ لەگەڵ ئەو شتەدا، بە دەربڕینێكی دیكە، بەها زاراوەو بێژەیەكە گوێ دەكەین و دەیڵێین، وەكو بەڵگەیەك لەسەر كردارێكی هەڵسەنگاندن كە ئەنجامی بدەین و راپەڕێنین، كردارەكەش بە دەركردنی بڕیاردان لە سەر شتەكە یان بابەتەكە یاخود هەر هەڵوێستێك لە هەڵوێستەكان كۆتایی دێت. (عبود و عبدالعادل، 1990: 64) پەروەردە لە كرۆك و گەوهەری خۆیدا كردارێكی بەهادارییەو ئامانجی گەشەپێدانی تاك و كۆمەڵە بۆ ئاستێكی بەرزو باڵاتر بە مەبەستی تەواو پێگەشتن و تێگەیشتنی پێویست، چونكە بەهاكان بریتین لەو بنەماو پێوەرانەی كە تاك لە میانیانەوە كێشەو گرفتەكانی لەگەڵ كەسانی دەوروبەری چارەسەر دەكات و بەشداری لە دەستنیشانكردنی سرووشتی كارلێك و رەفتاری لەگەڵ كۆمەڵەكەی دەدات، بەوەی پەسەندو خوازراوە، لەبەرئەوەی بەها رەوشتییەكان مرۆڤ لە لادانی دەروونی و جەستەیی و كۆمەڵایەتی دەپارێزن، بە بێ بوونی ئەو بەهایانەش مرۆڤ دەبێتە كۆیلەو وابەستەی خواست و ئارەزووە هەرزەكارییەكانی، بەمەش بەها بە ئاراستەكاری رەفتاری تاك و كۆنترۆڵكاری هەڵسوكەوتە جۆراوجۆرەكانی دادەنرێت. (العتیبی، 2016: 10). رۆڵی باخچەی منداڵان لەو دامەزراوە پەروەردەییانەی كە رۆڵێكی بنەڕەتی لە قۆناغی فێركاریدا دەگێڕن دادەنرێت، چونكە داب و نەریتە كۆمەڵایەتییەكان لە ناخ و كەسایەتییاندا گەشە پێ دەدات، زێدەباری گەشەپێدانی ئاراستە خوازراوەكان، كە كاریگەریی گەورەیان لەسەر ئایندەی دەبێت و توانایان لەسەر پەیوەندیكردنی زیاتر لەگەڵ هاورێكانیان زیاتر دەكات، هەروەها رەفتارە ئەرێنییەكانی وەكو رێزگرتنی مافی كەسانی دیكەو پابەندبوون بە یاساكان و چاندنی بەها رەوشتییەكان كە خۆیان لە هەرەوەزی و هاریكاری و راستگۆیی و تێكۆشان و پاراستنی ژینگە دەبیننەوە لە ناخیاندا دەچێنێت، چونكە ئەو بەهایانە كاریگەریی زۆریان لەسەر كەسایەتیی منداڵ هەیە، منداڵیش لەو قۆناغە تەمەنییەیدا بە دەستپێشخەری لە بەشداریكردن ناسراوە. (المعلوف والعوامره، 2018: 179). لەوەی پێشكەش كرا بە ئاشكراو روون و رەوانی گرینگی بەها

ڕەوشتییەکان  بۆ منداڵانی باخچە دەردەکەوێت، بۆیە گرینگی ئەم توێژینەوەیەی ئێستاش زیاتر خۆی لەم خاڵانەی خوارەوەدا دەبنێتەوە:

بایەخەکەی لە گرینگی قۆناغە تەمەنییەکەیدایە، لە سۆنگەی ئەوەی یەکێك لە قۆناغە کاریگەرییەکانی سەر بونیادنانی کەسایەتیی تاك.

ئەم توێژینەوەیەی ئێستا تیشك دەخاتە سەر هەندێك بەهای ڕەوشتیی منداڵی باخچەی منداڵان، بۆ ئەوەی توانای لەسەر مامەڵەکردن و خۆگونجاندنی لەگەڵ ژینگەی دەوروبەری خۆی هەبێت.

لەوانەیە لە ئایندەدا بوار لە بەردەم توێژەران و ئەوانەدا بڕەخسێنێت کە بایەخ بە توێژینەوەی زانستی دەدەن، تاکو کتێبخانەی زانستیی کوردی بەم جۆرە توێژینەوەو لێکۆڵینەوانە دەوڵەمەند بکەن.

دەگمەن بوونی توێژینەوەکان لە کتێبخانەی زانستیی کوردی کە تاووتوێی بابەتی بەها ڕەوشتییەکان .

### ١-٣ ئامانجەکانی توێژینەوە: ئامانجی ئەم توێژینەوەیەی ئێستا زانین و ناسینی ئەمانەی خوارەوەیە:

بەها ڕەوشتییەکان لای منداڵانی باخچە.

ئاستی بەها ڕەوشتییەکانی بەپێی بەهاکانی (ڕاستگۆیی، ئەمانەت، مۆڵەت، دادپەروەری).

### ١-٤سنووری توێژینەوە:

سنووری بابەتیبوون: ئەم توێژینەوەیەی ئێستا ناسین و زانینی بەها ڕەوشتییەکان لای منداڵانی باخچە دەستنیشان دەکات.

سنووری مرۆڤایەتی (البشرية): بە منداڵانی باخچەی منداڵانی حکومی دەستنیشان دەکرێت.

سنووری شوێنی توێژینەوە: بە باخچەی منداڵانی حکومی لە ناوەندی شاری هەولێر دەستنیشان دەکرێت.

سنووری کاتی توێژینەوەکە: بە ساڵی خوێندنی 2022- 2023 دەستنیشان دەکرێت.

### ١-٥دەستنیشان کردنی زاراوەکان:

#### ١-٥-١بەهاکان( القيم):

لە ڕووی زمانەوانییەوە: ابن منظور 1994: کۆی وشەی بەهایەو واتاکەی لە زمانی عەرەبیدا بە مانای نرخ (الثمن)ی شتیك دێت. (ابن منظور، 1994: 500).

لە ڕووی زاراوەییەوە:

ئەلپۆرت Aliport 1961: باوەڕمەندییەکە ڕەفتاری کەسێك بەپێی پێوەرو پێودانگی باشێتی ئاراستە دەکات(Aliport، 1961، P:454-802).

**١-٥-٢ڕەوشت (الأخلاق):** کۆی (خولوق)ـە کە لە زمانی عەرەبیدا بە چەندین واتا دێت (ال عيسى، 2010 : 17). دەکرێ واتاکەی بە خوو و ئاکاری جوانیش بێت.

لە ڕووی زاراوییەوە (اصطلاحا): مسكويە (1966) بەوە پێناسەی کردووە: خولوق، حاڵەتێکی دەروونەو بە بێ بیرکردنەوەو تێڕوانین بانگەوازی ئەنجامدانی کردارەکانی دەکات. (ال عيسى، 2010: 17).

#### ١-٥-٣بەها ڕەوشتییەکان( القيم الأخلاقية): هەر یەکە لەمانەی خوارەوە پێناسەیان کردووە:

باندۆرا Bandura 1986: تاکەکان لە میانی گەشەسەندنیانەوە فێردەبن، ئەوەش لە ڕێگەی تێبینیکردن یان نموونەکاری (النموذج)یەوە، بە جۆرێك پەروەردەی منداڵ لە ڕێگەی تێبینیکردن و توانجە کۆمەڵایەتییەکان و پێشەنگەکانیانەوە دەبێت، بە مەبەستی وەرگرتن و تێگەیشتن لە پێوەرە ڕەوشتییەکان، کە منداڵ بە پێی ئەنجامە چاوەڕوانکراوەکانی کردارەکانیان لە هەردوو حاڵەتی خودپەسەندی (القبول الذاتي)، یان ڕەتکردنەوە (الرفض)دا وەریاندەگرێت. ( العمري، 2020: 1879-1880).

الجحود (2006): ئەو رێساو پێودانگانەیە (المعاییر) کە تاك ئاراستە دەکات و رەفتارەکانی لە ژیاندا کۆنترۆڵ دەکات و بەپێی ئاستی کارایی و کاریگەریی لە کۆمەڵگەدا دەستنیشان دەکرێت. (الجحود، 2006 : 44 ).

پێناسەی تیۆری (التعریف النظري):

لە میانی خستنەڕووی پێناسەکانی پێشووترەوە توێژەر گەیشتە ئەم شێوازی دارشتنی پێناسەیەی خوارەوە، ئەوەش بە پشتبەستن بە تیۆری فێربوونی کۆمەڵایەتیی باندورا Bandura: "بریتییە لە کۆمەڵە بنەماو کۆنترۆڵکارییەك کە رەفتاری تاکەکان رێکدەخات و لە بەها باوەکانی ناو کۆمەڵگا، یان لای کۆمەڵە کەسەکانەوە سەرچاوە دەگرێت لە میانی ئەوانەوە بڕیار لەسەر هەڵسوکەوتەکانیان دەدرێت".

**١-٥-٤پێناسەی رێکاریی بەها رەوشتییەکان :**

کۆی ئەو نمرانەیە کە منداڵ لەسەر پێوەری بەها رەوشتییەکان وەریاندەگرێت، کە توێژەر ئامادەی کردووە.

**١-٥-٥باخچەی مندالان: پێناسەی وەزارەتی پەروەردە (1994):**

قۆناغێکە دەکەوێتە پێش چوونی منداڵ بۆ قوتابخانەو وەرگرتنی منداڵیش دوای تەواوکردنی تەمەنی چوار ساڵانی دەبێت، یان لە کۆتایی ساڵی زاینی تەواوی دەکات، یاخو لە تەمەنی شەش ساڵان تێپەڕ نەکات، بۆ دوو قۆناغ دابەش دەکرێت: (باخچەو ئامادەکردن ـ التمهیدی) یان (باخچەو بەرایی)، ئامانجی ئەم قۆناغە ئەوەیە وا لە منداڵان بکرێت توانای گەشەکردنی دروست و پەرەسەندنی کەسایەتییان لە رووی جەستەیی و عەقڵییەوە هەبێت، بە لایەنە ویژدانی و رەوشتییەکانیشەوە بەپێی پێداویستییەکانیان و تایبەتمەندییەکانی کۆمەڵگەکانیان، تاکو ببێتە بنەمایەکی باش و بونیادنەرانە بۆ گەشەسەندنی دروست و گەیاندنیان بە قۆناغی فێرکردنی زۆرەملێی (بنەڕەتی) (وەزارەتی پەروەردە، 1994: 4).

## ٢. چوارچێوەی تیۆری :

### ٢-١چەمکی بەهاکان:

وشەی بەها (القیمة) بە واتای نرخ، یان جۆر دێت، هەر شتێکیش بەهای هەبێت ئەوە جێگیرو بەردەوامەو راستیشە، واتە هەمواره، لەوانەش رێگەی راست (صراط المستقیم)، واتە رێگەیەکی ماناوەند، بەم جۆرە دەبینین واتای وشەی بەها خەسڵەتێك وەردەگرێت و وا لە شتەکە یان واتاکە، یاخود کەسەکە دەکات خوزاراو بێت و مایەی رێزو ستایش بێت، ئەوەش بە هۆی جێگیرو ماناوەندیبوون و راستییەکەیەوە. (البیطار والسبیعی، 2013: 7- 8). بەهاکانیش بریتین لە برێکی پێویست بۆ هەر پەیوەندییەك لە نێوان خود و بابەت، بەمەش بەها بەو چاوەوە سەیر دەکرێت کە بریتییە لە:

بڕیاری پێودانگاو پێوەریانەن و رەفتاری مرۆڤ ئاراستە دەکەن.

باشکردنی لایەنە مرۆڤایەتییەکانن بۆ هەر شتێکی خوازراو.

شرۆڤەکردنی سرووشتی شتەکانە.

ئەو پەیوەندی و رایەڵەیەیە کە نێوان بونیادی کۆمەڵایەتی و کەسێتی بە یەکترییەوە دەبەستێتەوە.

بریتییە لە مەحەکی هەڵسەنگاندنی شتەکان" یان بابەتەکان" یاخود هەڵوێستەکان.

هەروەها زانایانی کۆمەڵناسی بەوە پێناسەی دەکەن کە بریتییە لەو کۆمەڵە پێوەرەی کۆمەڵگە دایدەنێت و ئەندامانی کۆمەڵگەش پابەندی دەبن. لە میانی ئەم پێناسانەشەوە دەکرێ پێناسەیەکی تایبەت بە بەهاکان پوخت و کورت بکەینەوە، بەوەی بەهاکان بریتین لە کۆمەڵە پێوەرێکی ویژدانی و هزری و تاکەکانی کۆمەڵگە باوەڕیان پێیەتی و بەپێی ئەو پێوەرانە مامەڵە لەگەڵ شتەکاندا دەکەن، چ بە پەسەندکردن یان رەتکردنەوەیان (المصری، محمد، 2013، 14- 15).

### ٢-٢ گرینگی بەهاکان:

وتەی خەڵکی بە گشتی و کەسانی توێژەر و زانست و پسپۆڕیش بە گشتی لەسەر بایەخ و گرنگیی بەهاکان کـۆك و تەبـان، بەوەی چ رۆڵێکـی مەترسـیدار لە بونیادنـانی مـرۆڤ و پێکهێنـانی کـۆمەڵگە مرۆییەکـان دەگێـڕن، بە جیـاوازیی بۆچـوون و بیروبـاوەڕو رۆشنبیرییەکانیان، پرسی بەهاداریش دەچێتە ناو کرۆکی گرینگی بیـردۆزو رۆشـنبیرانەوە لە سـەر ئەو سـیماو خەسـڵەت و جیهـانەی تایبەتن بە لایەنی بەهادارییەوە، ئەم بایەخەش بە بەهاکان دەگەڕێـتەوە بـۆ ئەو کـاریگەرییە زۆرەی لە پێکهێنـانی رەفتـاری مرۆڤـدا هەیانە، کە لە رێگەیانەوە واتای بوونی مرۆڤـایەتی دێـتەدی، چـونکە مـرۆڤ جەوهەرو کرۆکـی بـوون و ناونیشـانی راسـتەقینەیەتی، تێکرای گەردوون و دیاردەو نیشانەو هەرچی لەسەر رووی زەوی لە لایەن خوای گەورەوە خوڵقێنـدراوەو مـرۆڤیش تەرخـانکراوە بـۆ ئەوەی لەسەر تێکرای ئەو شتانە ژیانی خۆی دابین و مسۆگەر بکات درێژەی پێ بدات و لە میانیشییەوە پەیامی داگیرکاری و زاڵبـوون بەسەر شتەکاندا بهێنێتەدی (الجلاد، 2005: 40).

### ٣-٢یەکەم ـ گرینگی بەهاکان سەبارەت بە تاك :

بــەهاکان بە ئاراستەکاری رەفتاری تاکەکان دادەنرێن، بۆیە تاك خواست و پێداویستییە ژیانیــەکانی خۆی تێیانـدا دەهێنێتــــەدی و خواست و ئارەزوو و پێداویستییەکانیشی لە چوارچێوەیەکی خوازراو لە بەر رۆشنایی ئەو بەهایانەدا تێر دەکـات. (سـلوت، 2005 : 46).

بەهاکان یارمەتیی تاك دەدەن لە ئەستۆگرتنی بەرپرسیارێتییەکان، تاکو توانای تێگەیشتنیان لە قەوارەی کەسایەتیی خۆیـان هەبێـت و بە شێوەیەکی ورد سەرنج لەو پرسە گرنگانەی ژیان بدەن کە بەلایانەوە گرنگن و دەبنە مایەی هەستکردن بە رەزامەندی.

بەهاکان ئامانجەکانی تاك لە زۆربەی بوارەکاندا دەسنیشان دەکەن و رێگەی زانین و ناسـینی کـاریگەرییە رێگرییەکـان، یـان ئەوانەی یارمەتیدەرن و ئامانجەکان دەهێننەدی پیشانی تاکەکان دەدەن. (أبو مغلی وسلامه وأبو رداحه، 2002: 167).

بەهاکان وزە کاراو کاریگەرییەکانی ژیان بە مرۆڤ دەبەخشن و لە لایەنە نەرێنییەکانی دوور دەخەنەوە. لێت دەپرسم چی وا دەکـات ژیانی واتاو هەوڵ و تەقەلای خـۆی هەبێـت؟ ئایـا ئەوە گاڵتەجـاڕی و گەمەو یـاری و بەهەدەردانـی کـاتە؟ گومـان لەوەدا نیـیە کە بە نەخێر وەڵام دەدەیتەوە، لەبەرئەوەی واتای ژیـان و هەوڵ و کۆششـەکانی خـۆی لە سـەرکەوتن و دەسـتکەوت و کـاری بەرهەمـدار دەبینێتەوە، بەها پیرۆزو باشەکانیش ئەو رێگاو رێبازانەن وا دەکەن ژیانت واتای خۆی هەبێت، چونکە بەهاکان ئامانجەکانی ژیـان و هەنگاوەکانت تیایدا دەستنیشان دەکەن، هەر ئەوانیشە وات لێ دەکەن هەست بە سەرکەوتن و دەستکەوت و پێشـکەوتن بکەیـت و لە ناختەوە هەست بە شادیی راستەقینەو شاراوە بکەیت و شکسـت و نائومێـدی و بێزاریـت لـێ دوور دەخـاتەوەو مـتمانەو بـاوەڕو رێزت بە خۆت زیاتر دەکات، بە لاتەوە سەیر نەبێت ئەگەر بڵێم ئەوانەی لە ژیاندا سەرکەوتوون، ئەوانەن کە بەهـای جیاوازیـان لەو کەسـانە هەیە کە توانـای سـەرکەوتنیان نییەو هەمیشـە لە شکسـتدان، کەسـە سـەرەکەوتووەکانیش سـەرکەوتنیان دەگەڕێـنەوە بـۆ شێلگیری و سووربوون، بوێری، دڵسۆزی، هێـزو سەرڕاسـتی و رژدبـوون، بەڵام ئەوانەی لە ژیانـدا شکسـت دەخـۆن و سـەرکەوتن بەدەستناهێنن، بەهاکانیان تەواو پێچەوانەی ئەوانەی یەکەمن، وەکو خەسڵەتی پەککەوتەیی و نائومێدی و شکسـت و دوورەپەرێـزی و گۆشەکیری و خۆبەدەستەوەدان و رەشبینی و چەمکە شەکەت و نائومێدییەکانی دیکە. (الجلاد، 2005: 43).

بەهاکانی تاك خۆیان لە زانینی ئەوەی لە کەسەکانی دیکەی چاوەڕوان دەکات دەبینێـتەوە، هەروەهـا لەوەی پەرچەکـرداری ئەوانەی دیکە بەرانبەری چی دەبێت.

بەمەش دەبینـین تـاك پێویسـتییەکی زۆری بە مـامەڵەکردن لەگەڵ کەسـەکان و هەڵوێسـتەکان و شـتەکان هەیە بـۆ هێنانەکـایەی رەوشێك، یان سیستەمی رێکخستنی پێوەرەکان، چونکە بەهاکان هاوشێوەی ئاراستەکارەکانی رەفتارو وزەو پاڵنەرەکانی چالاکییەکانی دادەنرێن، لەو کارانەی هەمووان باوەڕیـان پێـی هەیە ئەوەیە کە هەر کاتێـك بەهاکـان ئامادەییـان نەبـوو" یـان بەریەکـتری کەوتـن" ئەوکاتە تاك لەگەڵ خودی خۆی و لەگەڵ کۆمەڵگەکەیشیدا تووشی نامۆیی دەبێت و پاڵنەرەکانی بۆ کـار لەدەسـت دەدات و تووشـی دڵەڕاوکێ و ناسەقامگیری دەبێت و بەرهەمیشی دادەبەزێت. (الصالح، 2002 : 88).

### ٢-٤گرینگی بەهاکان سەبارەت بە کۆمەڵگە:

گرینگی بەهاکان سەبارەت بە کۆمەڵگە بریتین لە پێویستییە کۆمەڵایەتییەکان، چونکە بەهاکان لەو چەمکە جەوهەری و بنەڕەتیانەی سەرجەم بوارەکانی ژیانن و راستەوخۆ پەیوەستن بە پەیوەندییە مرۆڤایەتییەکانی بە تێکڕای شێوەکانییەوە. ئەم خاڵانەی خوارەوە گرینگی بەهاکان سەبارت بە کۆمەڵگە دەردەخەن:

بەهاکان یارمەتیی پێشبینیکردن دەدەن، بەوەی کۆمەڵگە لە ئایندەدا بە کوێ دەگات، ئەوەش لەبەرئەوەی بەهاکان خاوەن جێگیرییەکی رێژەیین، بەمەش دەبنە کۆڵەگەکەیەکی بنەڕەتی کە وا لە کۆمەڵگە دەکات لەسەر حاڵەتێکی سەقامگیر بەردەوام بێت.

بەهاکان یارمەتیی کۆمەڵگە دەدەن لە بەرەنگاربوونەوەی ئەو گۆڕانکارییە نەرێنیانەی کە لەوانەیە بێنە ئاراوە، ئەوەش بە بەخشینی جێگرەوەی لێهاتووانە، کە وا لە تاکەکانی کۆمەڵگە دەکەن لە رێگەیانەوە بتوانێت مامەڵە لەگەڵ هەڵوێستە جیاوازەکانی نێوانی خۆیان بکەن، هەروەها کۆمەڵگە لە کێشەو پرسە شەڕانگێزییەکان دەپارێزێت و پاڵ بە تاکەکانەوە دەنێت بەرەو مامەڵەکردنی خۆپیارێزیانەو ئاگاییانە لەگەڵ هاوڕێکانیان. (سلوت، 2005: 47).

دەکرێ بەهاکان لە بواری ئاراستەکردن و رێنماییکردنی دەروونیدا بەکاربهێنرێن، هەروەها لە دەستەبژێرکردنی تاکە باشەکان لای هەندێك لەوانەی بایەخ بەو بوارە دەدەن، وەکو زانایانی ئاینی و پەروەردەکاران و تایبەتمەندو پسپۆڕانی دەروونی و چاکسازانی کۆمەڵایەتی و ئەوانیتریش. (المصری ومحمد، 2013: 20).

بەهاکان ناسنامەی کۆمەڵگە دەپارێزن و جیای دەکەنەوە، ئەوەش بەوەی بەهاکان تەوەرێکی سەرەکی لە رۆشنبیریی کۆمەڵگە پێکدەهێنن، ئەوەش شێوەیەکی دیارو ئاشکرای ئەو رۆشنبیرییەیە کە رەنگدانەوەی شێوازەکانی رەفتاری مرۆیی تێیاندا بەرجەستە دەبن، لە سۆنگەی ئەوەی بەهاکان دەچنە قووڵایی سەرجەم لایەنەکانی ژیانەوە، بەمەش ناسنامەی کۆمەڵگە بەپێی پێڕەو و سیستەمی بەها باوەکان و کارلێکی نێوان تاکەکانی کۆمەڵگە پێکدێت، کۆمەڵگەکانیش بەپێی ئەو بنەماو رێسا رۆشنبیری و پێوەرە بەهاییانەی دەیگرنەبەر کە لایەنە جیاوازەکانی ژیان دەگرێتەوە، کۆمەڵگەکانیش جیاوازییان دەبێت، بەهاکانیش وەکو هێماو نیشانەو گەواهیی ئاشکراو جیاواز دەردەکەون، بۆ ئەوەی کۆمەڵگەکان لە یەکتری جوودا بکەنەوە. بەمەش پاراستنی ناسنامەی کۆمەڵگە لە پاراستنی ئەو پێوەرە بەها رەسەنانەوە سەرچاوە دەگرن کە لای تاکەکانیان هەیەو بەشێکن لە لایەنە گشتگیرە رۆشنبیرییەکانی، جا ئەگەر ئەو بەهایانە تێکچوون و لاواز بوون و پووکانەوە، ئەو کاتە دەبێتە ئاماژەیەك و بەڵگەیەك بۆ لاوازبوونی ناسنامەی کۆمەڵگەو ونبوونیشی. ئەوەی پەیوەستیشە بەو پرسەوە پێویستیی هوشیاریی تاکەکان و دامەزراوەو سەرکردەکانی هزرو پەروەردەو ئاگابوونیانە لەو سیستەم و پێڕەوانەی هەن لە رووی سرووشت و ئاستی گونجان لەگەڵ سیستەم و پێڕەوی بەهای رەسەن و واقعی ململانێی بەهایی کە نەوجەوانان لە نێوان بەها رەسەنەکان و ئەو بەهایانەی هەن و زانینی ئەو گۆڕانکارییانەی روویانداوەو چاودێریکردنیان و پێشکەشکردنی رێگەچارەی گونجاو و هەڵبژاردنی دروست کە ئاسانکاری بۆ ژیانی تاکەکان دەکات و لە پەرتوبڵاوی و ململانێی نێوان بەها جیاوازەکان دەیانپارێزێت، ئەمەش وا دەکات ناسنامەی رۆشنبیریی تاکەکان بپارێزێت و سەقامگیری و جیاوازیی کۆمەڵگە بهێنێتەدی. (الجلاد، 2005: 45- 46).

### ٢-٥ گرینگی خێزان لە گەشەپێدانی بەهاکانی منداڵ:

خێزان لە گرنگترین هۆکارە کاریگەرەکان دادەنرێت لە چاندنی بەهای رەوشتی لە دەروونی نەوجەوانان و گەشەپێدانیشی لای گەورەکان، تیایدا منداڵ و نەوجەوانان فێری شێوازە جیاوازەکانی رەفتارو دابونەریتە کۆمەڵایەتییە خوازراوەکان دەبن، هەروەها سۆزداری و ئاراستەکان و بەهاکان دەرباری خودو بەرانبەر ئەوانەی دیکەش پێکدێن، زانایانی پەروەردەیی و دەروونزانی لەسەر گرینگی خیزان و کاریگەرییە قووڵەکانی لە گەشەی رۆڵەکانیان هاوڕاو کۆکن، بۆیە هیچ کامێکیان نکۆڵی لە رۆڵی پێکهێنانی رەوشتی دیاریکراو ناکەن بۆ ئەو لایەنانەی گونجاو و لەبارن و ئەوانەی نەگونجاو و نالەباریشن لە جۆرەکانی رەفتار لە میانی شێوازەکانی گەشەییدا. لێرەدا رۆڵی خێزان لە پێکهێنانی جۆری ریزبەندیی هەرەمی لە نمرەی دانانی لایەنە باشەکانی هەڵوێست و رووداوەکان لای تاکەکانی دەردەکەن. ئەمەش پێوەرەێکەو رێنوێنیی تاکەکان لە بەرانبەر هەڵوێستە جیاوازەکانیان دەکات، واتە بەلای شتەکانەوە لە جیاتی بەها دەبێت، بەمەش خێزان بە ئامرازی کۆمەڵگە دادەنرێت لە پاراستنی ئەو پێوەرو بەهایانە. ئیسلام هاندەرێکی

كاریگەری بونیادنانی خێزانەو خاڵی هەنگاوهەڵهێنانی بنەڕەتی و سەرەكی و جەوهەریی هەر چاكسازییەكە لە سەر هەر ئاستێك چ بچووك بێت یان گەورە، چونكە هەمیشە داواو بانگەوازی بۆ پێكهێنانی خێزان كردووەو ئارەزووی دامەزراندنی بووە، ئەوەش بە هۆی بایەخەكەیەوە بۆ هەر تاكێك و هەموو كۆمەڵگەش. چونكە نیعمەتێكە لە نیعمەتەكانی خوای گەورەو پێشكەشی مرۆڤەكانی كردووە بۆ ئەوەی تیایدا سەقامگیربن و ژیانێكی پاك و بێگەردو ئاسوودەی تێدا بەسەربەرن، هەر لەم سۆنگەیەشەوە خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا دەفەرموێت: ﴿ وَمِنْ آيَاتِهِ أَنْ خَلَقَ لَكُم مِّنْ أَنفُسِكُمْ أَزْوَاجًا لِّتَسْكُنُوا إِلَيْهَا وَجَعَلَ بَيْنَكُم مَّوَدَّةً وَرَحْمَةً ۚ إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَآيَاتٍ لِّقَوْمٍ يَتَفَكَّرُونَ ﴾ [ سورة الروم : 21 ] ، هەروەها خوای گەورە هەست و نەست و سۆزو خۆشەویستی لە نێوان ئەندامانی خێزاندا فەراهەم و دابین كردووە بۆ ئەوەی بە ئارامی بژین و هەست بە دڵنیایی بكەن، ئەمەش وا لە خێزان دەكات ڕەزامەندو ئاسوودەو باش بن، بەهەمان شێوە خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿ وَٱللَّهُ جَعَلَ لَكُم مِّنْ أَنفُسِكُمْ أَزْوَٰجًا وَجَعَلَ لَكُم مِّنْ أَزْوَٰجِكُم بَنِينَ وَحَفَدَةً وَرَزَقَكُم مِّنَ ٱلطَّيِّبَٰتِ ۚ أَفَبِٱلْبَٰطِلِ يُؤْمِنُونَ وَبِنِعْمَتِ ٱللَّهِ هُمْ يَكْفُرُونَ ﴾ [ سورة النحل : ٧٢ ].

هەڵبەتە پێكهێنانی خێزان لە ڕێگەی هاوسەرگیرییەوە دەبێت، هاوسەرگیریش لە دوو كەسەوە دەست پێ دەكات، ژن و مێرد و بەپێی پێڕەو و یاساو ڕێسای خودایی لە پێناو بەرژەوەندی و خۆشییەكانی كۆمەڵگەی مرۆڤایەتی، خوای گەورەش لە قورئانی پیرۆزدا بنەماكانی ئەم سیستەم و پێڕەوەی دەستنیشان كردووەو هەرچی بە پرسی خێزانەوە پەیوەندیداربێت دیاری كردووە، لە ماف و ئەركەكان و ئەو بنەماو ڕێسایانەی پێچەوانەشن، هەروەها پەیامبەری ئیسلام محەمەد (د.خ) لەسەر بێت ئەویش لە ڕێگەی فەرموودەكانییەوە بەشێكی زۆری ئەو بنەماو ڕێسایانەی دیاریكردووە كە پێویستە ژن و مێرد لەسەری بڕۆن و پابەندی بن و پیادەو جێبەجێیان بكەن. سەرباری ئەوەی شێخ محەمەد ئەبو زەهرەش وردەكاریی زیاتری دەربارەی ئەوە خستۆتەڕوو: "ئەگەر گرینگی ئیسلام بە پەرستەكان وای لە بڕیارو ڕێساكانی كردووە ببنە كردارگەلێكی ئەوتۆ كە پەیامبەر وردەكاری بۆ كردوون، بۆ ئەوەی پەروەردەی دەروونی بكەن و پرشنگدارو پەروەردەكاری بن، نەك تەنها وانەدادان" (الصالح، 2002: 172).

بەو پێیەی كە منداڵ ساڵە یەكەمەكانی تەمەنی لەگەڵ خێزانەكەیدا دەژێت و زۆربەی هەرە زۆری خەسڵەت و خوو و ڕەوشتی باوك و دایك و خوشك و براكانی و گەورەكانی ماڵەوە، یان خزم و كەسە نزیكەكانی فێردەبێت و وەردەگرێت و لاساییان دەكاتەوە، هەتا هەندێك زانا زێدەڕۆیی لە گرینگی خێزان دەكەن لە پەروەردەیی ماڵەوەی منداڵەكانیان. بە جۆرێك هەتا دەڵێن پێنج ساڵی یەكەمی ژیانی منداڵە كە ئایندەو دوارۆژی كەسایەتییەكەی لە ڕووی ئاكارو ڕەوشت و ڕەفتارەوە دەستنیشان دەكات، ئەوەش بەوەی مامەڵەكردنی لەگەڵ خەڵكی لە دەستپێكی ژیانی دیاریكراوەو مامەڵەكردنی لە چوارچێوەیەكی بەرتەسكی ماڵەوەدایە. (المصري، محمد، 2013: 113).

**٢-٦پۆلینكردنی بەهاكان (تصنيف القيم) :**

ڕاوبۆچوونەكان دەربارەی پۆلینكردنی بەهاكان جۆراوجۆرن، بە تایبەتی كاتێك هاوسەنگی لە نێوان زانایانی دەروونزانی و زانایانی كۆمەڵناسیدا دەكەین، ئەوەش لەبەرئەوەی ئەو پۆلینكارییانە وامان لێ دەكەن جۆرەهاو زۆرترین پۆلینكردنی بەهامان دەستبكەوێت.

ئەمەی خوارەوەش گرنگترینی ئەو پۆلینكاریانەن:

بەهاكان بەپێی ناوەڕۆكەكانیان : شەش جۆری هەیە:

بەها كۆمەڵایەتییەكان: پەیوەستن بە بایەخدانی تاك بە خۆشەویستیی خەڵكی و یارمەتیدانیان و دڵخۆشكردن و باشتركردنی حاڵیان بەپێی توانای خۆی.

بەها ئابوورییەكان: پەیوەستن بە بایەخە كردارییە سوودگەراییە مادی و پیشەسازی و بەرهەمداری و سامان و وەبەرهێنان و كاروباری بازرگانی.

بەها مەعریفییەكان: پەیوەستن بە گرینگی تاك و مەیل و ئارەزووی لە دۆزینەوەو ئاشكراكردنی ڕاستییەكان و ئەو مەعریفەو تەقەللایانەی لە پێناوی بەدەستهێنانی مەعریفەی زیاتر دەیبەخشێت.

بەها سیاسییەكان: پەیوەستن بە وێناكردن و هێزو باڵادەستی و كاری سیاسییەوە.

هـ بەها جوانكارییەكان : پەیوەستن بە گرینگی تاك بە مەیل و ئارەزووی لە هەموو شتێكی جوان لە رووی شێوەو تەواوی و رێكخستن و گونجان و سازانەوە (بوكانی، 2007: 29).

و. بەها ئاینییەكان: (ئەم بەهایەیان لە پرسی حەڵاڵ و حەرام و رێگەپێدراو و باوەڕداری دەتوێژێتەوە)، مەبەستیش لێی گەشەیەكی ئاینیی دروستەو لەسەر ئەگەری چاندنی ئیمان و باوەڕو وەڵامدانەوەی دروستی ئەو پرسیارانە راوەستاوە كە منداڵ دەربارەی كاروباری ئاینی هەیەتی و دەبیێت، تاوەكو لەسەر رەفتاری ئاینی لە بوارەكانی پەرستن و مامەڵەكاریدا رابهێنرێت. (الدویش، 2017: 25).

**2. بەها لەسەر بنەمای گرێبەست: لە رووی گرێبەستەوە بەهاكان بۆ چەندین جۆر دابەش دەكرێن:**

أ. بەها ئامرازییەكان: ئەو بەهایانەن كە مرۆڤ و كۆمەڵیش لەو روانگەیەوە سەرنجیان لێ دەدەن كە بەهاگەلێكی ئامرازین بۆ مەبەست و ئامانجی دوورتر.

ب. بەها مەبەستداری، یان كۆتاییەكان: ئەمەش ئەو ئامانج و لایەنە باشانە دەگرێتەوە كە تاك و كۆمەڵیش بۆ خۆیان دایدەنێن، هەندێك ئامادە بەوە دەدەن كە لەگەڵ بەها ئامرازییەكاندا جیاوازییان هەیەو كارێكی ئاسانیش نییە، واتە لە خودی خۆیدا مەبەستە، وەكو حەزكردنی مانەوە (حب البقاء) (المصری، 2013: 22).

**3. بەهاكان بەپێی توندوتیژی و پابەندكردنیان (القیم بحسب شدتها والزامها): ئەم جۆرەشیان بۆ سێ بەش دابەش دەكرێت:**

أ. ئەوەی پێویستە ببێت: بریتین لەو بەهایانەی دەسپێندرێن یان بڕیارو فەرمانی كۆتایین.

ب. ئەوەی پێویستە بە باشتر دابنرێت، واتە بەراوردكردن لە نێوان ئەوانەی هانی تاكەكان دەدەن بۆ پابەندبوون پێیانەوە.

ج. ئەوەی چاوەڕوان دەكرێت بەهای نموونەیی بن: كە مرۆڤ وا هەست دەكات هێنانەدییان بە شێوەیەكی تەواو، ئەستەم و زەحمەت بێت، وەكو وەڵامدانەوەی خراپەكاری بە چاكەكاری (بوكانی، 2007: 29).

**4. لە رووی رەهەندی گشتگیرییەوە: بەهاكان لە رووی ناسراوی و بڵاوبوونەوەیان بۆ دووبەش دابەش دەكرێن:**

أ. بەها گشتییەكان: ئەو بەهایانەن گشتگیرو هەمەلایەنەن و لە كۆمەڵگەكاندا بڵاو دەبنەوە، بە بێ رەچاوكردنی شارستانی و گوندنشینی و چینەكانی كۆمەڵگەو دەستەو توێژە جیاوازەكانی، ئەوانەش پەیوەستن بە بەهاكانی خوو و داب و نەریتەوە.

ب. بەها تایبەتەكان: ئەم جۆرەیان پەیوەستن بە هەڵوێست و بۆنە كۆمەڵایەتییە دیاركراوەكان یان بە ناوچەی دیاریكراو.

**5. لە رووی مەبەستەوە: ئەمەشیان لە رووی مەبەستەوە دابەش دەكرێت بۆ ئەمانەی خوارەوە:**

أ. بەها ئامرازییەكان: ئەو ئامرازانەن ئامانجیان هێنانەدیی مەبەستی دوورترە.

ب. بەها مەبەستییەكان: واتە ئامانج، یان لە خودی خۆیدا مەبەستێكی هەیە.

لەو پۆلێنكارییانەی سەرەوە سنوورێكی جیاكەرەوە لە نێوان بەها ئامرازییەكان و بەها مەبەستدارەكان دانانێت، وەك دەبینین بەها ئامرازییەكان مەبەستدارن و مەبەستدارەكانیش ئامرازین. بۆ نموونە:

پاراستنی تەندروستی (ئامرازە) ــ (مەبەستەكە)ی توانای ئەنجامدانی كاری خوداپەرستییە.

ئەنجامدانی كاری خوداپەرستی (ئامرازە) ــ (مەبەستەكەی) نزیك كەوتنەوەیە لە خودا.

- نزیك كەوتنەوە لە خودا (ئامرازە) ــ (مەبەستەكە) بەدەستهێنانی خۆشییەكانی بەهەشتە.

**6. بەها مادییەكان: بە واتای مەزەندەكردنی شتە مادییەكان، ئەمەش زیاترو ئاشكراتر لە لایەنی ئابووری دەردەكەوێت.**

**7. بەها مەعنەوییەكان: مەبەست لێی مەزەندەكردنی شتە مەعنەوییەكان، ئەمەشیان بۆ سێ بەش دابەش دەكرێت.**

**8. بەها عەقڵییەكان: ئەمەیان پەیوەستە بە مافی هەڵسەنگاندن و سەلماندنی بەڵگە داواكراوەكان و دەرخستنی بەهای تیۆری لە تیۆرە زانستییەكان و بڕیاردەریش تیایدا عەقڵە.**

**9. بەها رەوشتییەكان: ئەمەشیان پەیوەستە بەو بڕیارانەی لە رووی ئەزموونەوە دەدرێن، بەهاش بە واتا رەوشتییەكەی واتای ئەوە دێت ئەو شتەی شایانی داواكردنە. (صالح، 2014: 48).**

**10. بەها ئەدابیەکان: وەکو خۆشەویستی، لێبووردەیی، پاکوخاوێنی، ئازایەتی، ئەمەشیان کەمتر لەوەی یەکەمر جێگەی بایەخەو دەکرێ لە رێگەی فێربوون و ئاراستەکردنەوە فێری ببن (صالح، 2014: 49).**

**٢-٧بەهاکان لە رووانگەی ئیسلامەوە:**

باوەڕی ئیسلامی کاتێك بەها بونیادنەرو باش و ئەرێنییەکان لە دەروونی موسڵماندا دەچێنێت و بەرەو رەفتاری دروست و باش هانی دەدات و پاڵی پێوەدەنێت، دیارە ئەوە بە مەبەستی چاکترکردنی کۆمەڵگەکەی و بڵاوکردنەوەی خێرو چاکەکاری و خۆشییە تیایدا، تاکو ببێتە کۆمەڵگەیەکی پڕ لە خۆشەویستی و بەزەیی بەیەکتردا هاتنەوەو رێزگرتن. لە نوعمانی کوڕی بەشیرەوە دەگێڕنەوە (ر.خ): "باوەڕداران لە سۆزو خۆشەویستی و بەزەییاندا هاوشێوەی جەستەیەکن، ئەگەر ئەندامێکی ئەو جەستەیە ئازارو کێشەیەکی هەبێت، ئەوا بێگومان هەموو جەستەکە بەدەست خەوزڕان و تاو ئازارەوە دەناڵێنێت". هەندێك لە زانایان و شارەزایانی بوارەکە ئاماژەیان بە گرنگترینی ئەو بەها رەوشتییانە داوە کە چاکسازی و پەیوەستگیریی کۆمەڵگە لەخۆدەگرن. سەفارینی دەڵێت: "مافی موسڵمانان زۆرن لەوانەش، ئەوەی بۆ خۆی دەیەوێت بۆ ئەوانەی دیکەشی بوێت، رێزیان لێ بگرێت و پۆزیان بەسەردا لێ نەدات و لە خۆی بایی نەبێت، چونکە خودا کەسانی لە خۆبایی خۆش ناوێت، خۆی بە گەورە نەزانێت و بەخۆیشی سەرسام نەبێت، چونکە ئەوە لە گەورەترین کارە خەراپەکانە، پێویستە رێز لە مرۆڤی بە تەمەن بگرێت، بەزەییی بە منداڵی بچووکدا بێتەوە، بە روویەکی خۆشەوە مافی هەموو کەسێك بدات و بەوپەڕی جوانییەوە مامەڵە لەگەڵ مرۆڤەکاندا بکات و نەرمونیان بێت و ئاخاوتن و هاوڕێیەتیشی خۆشبێت، نێوانی براو هاوڕێکانی رێکبخات و سەردانی خزمانی بکات، گوێ لە زەمکاریی خەڵکی نەگرێت بەرانبەر یەکتری، هەر کارو چاکەیەك بکات لە راهی خوا بێت نەك بە مەبەستێکی تایبەت، نهێنییەکانیان بپارێزێت و لە کەوتنەکانیان دەستباریان بدات بۆ هەستانەوەو بە بەهای رەوشتیانەوە وەڵامی داواکارییەکانیان بداتەوەو تاك و کۆمەڵگەش دڵخۆش بکات، چاکەکاری بڵاوبکاتەوەو خەراپەکاریش نەهێڵێت، چونکە بە بەها باشەکان خێرو چاکەکاریش زۆر دەبێت، گەندەڵی و گەندەڵکارانیش کەمر دەبنەوەو گەل و نەتەوەکان دەمێننەوەو بەهێزو پێشیش دەکەون، کۆی ئەو بەها باش و هەڵوێستە چاکەکاریانەش خوای گەورە رازی دەکات و لەو دونیا لە سزاو ئەشکەنجەکانی دەتپارێزێت". (الدویش، 2017: 47).

**٢-٨چەمکی بەها رەوشتییەکان:**

چەمکی بەها رەوشتییەکان زۆرو جۆراوجۆرن، ئەوەش لە سۆنگەی ئەو جیاوازیانەی لەو چەمك و پێناسانەیاندا هەن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا رەگەزو توخمی هاوبەشیشیان لە نێواندا هەیەو کرۆك و جەوهەری بەها رەوشتییەکان ئاشکرا دەکەن، ئەو توخمە هاوبەشانەی نێوانیشیان هیچ جیاوازییەك لە نێوان خۆیاندا پەسەند ناکەن، چونکە جێگیرو نەگۆڕن، وێڕای جیاوازیی شوێن و کاتەکانیشیان، بەهاکان وەکو پێوەرەکان وان، هەندێك وەکو رێساکان پێناسەی دەکەن و هەندێکی دیکەش وەکو ئاراستەکان. (السعود، 2019: 102).

بریتییە لەو پێوەرە ئاراستەکراوانەی ژیانی تاك و رەفتارەکانی و بریتییە لە بناغەی پاڵنەرێتی و رەفتار، چونکە لە دەستدانی بەها رەوشتییەکان، یان ونکردنیان وا لە تاك دەکات لەگەڵ کارە هەڕەمەکییەکان ئاوێتەو تێکەڵ ببێت و نائومێدیی تەواو بەسەریدا زاڵ ببێت، ئەوەش بە هۆی پەی نەبردن و درك نەکردنی بەو کارو کردەوانەی ئەنجامیان دەدات، هەروەها بەوەش پێناسە کراوە کە بریتییە لە: کۆمەڵە رێساو پێوەرەی کار لەسەر ئاراستەکردنی رەفتاری فێرخواز دەکات بە رێگەیەك لەگەڵ رێساکانی ئیسلامدا بگونجێت و لەسەر یەکێتی و یەکخستنی بڕیاری بەها دروستەکان لە هەڵوێستە جیاوازەکانی ژیاندا یارمەتیی دەدات (کامل، کدوانی، احمد، 2021: 805 ــ 806).

کۆمەڵە رێسایەکی رەوشتی هەن بە پێویست دەزانرێت پشتیان پێ ببەسترێت و لە قۆناغی منداڵێتیی پێشوەختە لە ناخ و کەسایەتیی منداڵدا بچێندرێن، وەکو: راستگۆیی، هەرەوەزی و هاریکاری، متمانەبەخۆبوون و ئازایەتی، پاراستنی یاساو سیستەمەکان، پاراستنی پاکوخاوێنی، قەناعەت، بەزەییهاتن بە ئاژەڵان و پەروەڵان، بەزەیی و بەخشندەیی، چاکەکاری، سەرڕاستی، لێبووردەیی، پاراستنی زمان، چاکەکاری بەرانبەر باوان، خۆشەویستیی نیشتیمان و نیشتیمانپەروەری. پەروەردەی

رەوشـتیش لە بـاخچەی منـداڵان بە واتـای دابینکـردن و دەسـتەبەرکردنی هەلـومەرجی ژیـان و فێرکـردن دێـت کە بەشـداری لە گەشەپێدانی نموونەی بـاڵای توانسـتە کەسییەکانی منـداڵان دەکـات و سـەرنجدان لە مـافە بنەڕەتیـە کەسـێتی و دەروونییەکـان و پاراستنی گیـانی و پەسـەندکردنی و هانـدانی گەشـەپێدانی کەسـێتی و هێنـانەدیی سـەربـەخۆیی پلـەپلـەیی بەپێی نموونـەی پـەرەپێدانی فێرکاریی رەوشتیی منداڵانی باخچەکان (سلیمان، 2017: 8).

**٢-٩بنەماکانی بەها رەوشتییەکان:**

**٢-٩-١خوداوەندی (الربانية):** بریتییە لە مەزنترین لایەنە باشەکانی بەها رەوشتییەکان، لەبەرئەوەی خـوای گەورە خـۆی لە بنەڕەتـدا ئەو بەهـا رەوشـتییانەی دانـاوەو نیشـانەو ئاماژەکـانی دیـاری کـردوون و بەوەش نـاوزەدی کـردوون کە لە لایەن خـوای گەورەوەن و پەیوەستن بە سزای ئەم دونیاو ئەو دونیاش، لە کتێبی خواو فەرموودەکانیشەوە سەرچاوەیان گرتووە (کامل، کدوانی، احمد، 2021: 806).

**٢-٩-٢سزابەندی (الجزائی):** بە واتای کۆی ئەو سزایانە دێت کە دەبن لە دەرئەنجامی پەیڕەو و جێبەجێکردنی رەوشتدا هەبن، کاتێك چاکەکاری دەبێتە مایەی بەختەوەری و خەراپەکاریش دەبێتە مایەی چارەسەرکردن یان لەناوچوون. گرنگتریـنی ئەو کۆڵەگـانەی کە لە ئیسلامدا رەوشت لەسەریان راوەستاوەو لەسەر مامۆستاش پێویستە بیانگرێتەبەر ــ بـاوەڕبوونی تەواو بە بە خـوداو باوەڕهێنـان بە پەیامبەرو کتێب و فریشتەکانی- هەروەها پابەندبوون بە یاساو رێساکانی خودا دەربارەی چەمکەکانی ژیـان و گەردوون و سرووشـتی مرۆڤایەتی (المصری، محمد، 2013: 111).

**٢-٩-٣بەردەوامیدان (الاستمرارية):** بەها رەوشتییەکان بۆ هەمـوو کـات و شـوێنێك و دوور لە هەر هەڵەو کێماسـییەك بەکـاردێن، لەبەرئەوەی نە لە پێش و نە لە دوایشی هیچ شتێکی خەراپەو نەشیاو نایەت، چونکە ئەوانە بەهـای خـودایین، نەك لە دروسـتکردنی خودی مرۆڤ بن، کە خەلقەندەیەکی لاوازو دەستکورت و دەستەپاچەیە، لە سۆنگەی ئەوەی کە بەها ئیسلامییەکان نەمرو بەردەوام و هەمیشەیین بۆیە خوای گەورە بەوە رێنمایی و ئامۆژگاریی موسڵمانان دەکـات کە جگـە لە ئیسـلام هـیچ رێگـەو بـاوەڕێکی دیکە نەگرنەبەر، وەکو دەفەرموێ: هەر کەسێك جگە لە ئیسلام ئاینێکی دیکەی بوێت ئەوا لێی قەبوڵ ناکرێت و لەو دونیـاو لە کۆتاییشـدا شکستخواردوو دەبێت (ال العمران، الایە 85). (الراشد، 2017: 178).

**٢-٩-٤واقعیبوون (الواقعية):** بەها رەوشتییەکان خودان خەسڵەتی واقعین، لەبەرئەوەی کار لەسەر گونجاندنی نێوان پێداویسـتییە رۆحییەکـان و پێداویسـتییە جەسـتەییەکان دەکەن، چـونکە سـەرجەم لایەنەکـانی واقـع و هەلـومەرجی ژیـانی مـرۆڤ نـاگرێتەوە، لەبەرئەوەی سەرچاوەکەی لە خـوای گەورەوەیە ﴿ أَلَا يَعْلَـمُ مَـنْ خَلَـقَ وَهُـوَ اللَّطِيـفُ الْخَبِيـرُ ﴾ ( سـورة الملك الآية 14) . دەکـرێ واقیعبوون بە جۆرێك پیادەو جێبەجێ بکرێت کە هیچ تێچوویەکی ئەوتۆی تێدا نەبێت و بە قووڵایی خەیاڵیبووندا رۆنەچێـت کە وا لە مرۆڤەکان دەکات ملکەچی بن، بۆ نموونە دادپەروەری بەهایەکی چەسپاوە، بەڵام هێنانەدیی لە واقیعدا لە هەمبەر ستەم بەپێی توانـای کەسـەکان دەبێـت، کـاتێکیش پەیـامبەر (د.خ) کاتێـک پێغەمـبەردرودی خـوای لەسـەربێت، گـوێی لە کێشـەیەک دەبێـت لەبەردەرگاکەیان، دەرەچێتەدەرەوەو دەفەرموێ من وەکو ئێوە مرۆڤم ، رەنگە لایەک لە خـاوەن کێشـەکان زمـان پاراوتربێـت منـیش مـافەکە، بـدەمە ئەو ئەگەرڕاسـتیکرد، ئەوە مـافی خـۆی بـردووە، خـۆ ئەگەر ڕاسـتی نەکـرد پـارچەیەک لە ئـاگری دۆزەخـی بۆخـۆی داتاشیوە، دەتوانێ ماڵەکە بتات یان دەسی لێ هەڵگرێ.

بەمجۆرە دەبینین ئیسلام لە خەیاڵ و هەوا، بەرانبەر بەهار رەوشتییەکان کۆشك و تەلاری دروست نەکردووە، بەڵکو لەسـەر ئەرزی واقیع، ئەوەش بە رەچاوکردنی دادپەروەری و هاوسەنگی و بابەتیبوون. (ایمان، 2020: 25 ــ 26).

**٢-٩-٥گشتگیری و تەواوکاری (الشمول والتكامل):** لە تایبەتمەندییەکانی بەها رەوشتییەکان لە ئیسلامدا گشتگیرەو تیایـدا رەچـاوی جیهانی مرۆڤایەتی و ئەو کۆمەڵگەیە دەکات کە تیایدا دەژێت و ئامانج و مەبەسـتەکانی ژیـانی مـرۆڤ، چـونکە ئەوە مـرۆڤ و ژیـانی گرتەوە، ئەو گشـتگیرییەی وای لێکـرد ببێـتە میتـۆدو پرۆگرامێکـی تەواو هەمـوو دیاردەکـانی چـالاکیە زینـدووەکانی تـاك و هەمـوو پەیوەندییە مرۆییەکان و سەرجەم لایەنەکانی ژیان و هەموو پەیوەندییەکانی بە ژیان و زیندەوەرانەوە بگرێتەوە.

هەروەها بەها رەوشتییەکاندا بە تەواوکاریش ناسراون، ئەوەش کۆگیرییەك لە نێوان سوودو چاکسازی و چاکەکاریی ژیانی تاك و ژیانی کۆمەڵایەتییش دەکات، بەها رەوشتییەکان بە هەموو شتەکانییەوە گەیشتە تەواوکاری و شیاوی و چاکەکاری تا سنووری میسالیبوون، چونکە هەموو لایەنە باشەکانی مرۆڤایەتی دەگرێتەوە، سەرباری کارە خێرو باشەکان لە بەرژەوەندیی تاك و کۆمەڵگەو لە هەموو لایەنە خەراپەکاری و شەڕانگێزییەکانیش دوور دەکەوێتەوە، ئەمەش وایکردووە ئەو بەها رەوشتییانە لەگەڵ تەواوی پەرەسەندنەکانی ژیان و شێوەو شێوازە جیاوازەکانی و تایبەتمەندییە گشتگیرو تەواوکاریەکانیدا رێ بکات و بگونجێت، ئەوەش نەك تەنها ئەو کارە باش و چاکانە بگرێتەوە کە سوود بە تاك و کۆمەڵگە دەگەیەنن، بەڵکو ئەوەیشی تێپەڕاندووەو لە ژیانی ئەم دونیاوە پەلی هاویشتووە بۆ ژیانی ئەو دونیاو کۆتایی کە تیایدا پاداشت و سزای کارەکان رادەگەیەندرێت و کارە باشەکان و خەراپەکان و سزاو پاداشتەکانیش ریزبەند دەکرێن. بۆ ئەمەش پەیامبەر (د.خ) دەفەرموێ: ﴿الا اخبركم بمن الي واقربكم مني مجلسا يوم القيامه؟ فسكت القوم فأعادها مرتين أو ثلاثا ،قال القوم يا رسول الله ،قال (أحسنكم خلقا) (العيسى,2009 : 101-102) .

**٢-٩-٦مرۆڤایەتی (الانسانية):** ئەمەیان پشت بە پەیبردن و درکپێکردنی ئەو رەفتارانەی مرۆڤ و کاریگەرییانە دەبەستێت کە بەرەو ئەو رەفتارە ئاراستەی دەکات و بۆ ئامانجێکی دیاریکراویش (محمد، والمصرى، 2013: 111).

### ٢-١٠-گرینگی بەها رەوشتییەکان بۆ منداڵی باخچە:

بەهێزکردنی بەهای رەوشتیی منداڵ بایەخێکی زۆر گرنگی لە گەشەسەندن و پێکهێنانی کەسایەتیی رەفتاری ناکۆك و دژبەیەك و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانیان لە ئایندەدا هەیە: کە لەم خاڵانەی خوارەوەدا پوخت کراونەتەوە:

وا لە رەفتاری منداڵ دەکات رێکوپێك بێت و هیچ ناکۆکییەکی تێدا نەبێت.

یارمەتیی منداڵ دەدات لەسەر ناسین و زانینی ئەرکەکانی بەرانبەر خۆی و بەرانبەر ئەوانەی دیکە لە کۆمەڵگەکەیدا.

بە سەرچاوەیەکی بنەڕەتی دادەنرێت بۆ هەستەکان و بیرۆکەو خواستەکان و ئاسوودەیی بە گفتارو رەفتار، چونکە ئەوە پێکهاتەی راستەقینەی کەسایەتیی جیاوازییە لە کەسانی دیکە. (کامل، کدوانی، احمد، 2021: 807).

ئیسلام بایەخێکی گەورەو بەرچاو بە بەها رەوشتییەکان دەدات و وایان لێ دەکات خودی خۆیان بەرزەفت و کۆنترۆڵ بکەن، لەمەشدا باڵابوونی خودی کەسەکە زیاتر دەردەکەوێت، بەمەش کۆمەڵگەو نەتەوەی ئیسلامیش باڵا دەکەن و پێش دەکەون، چونکە بەها رەوشتییەکان رۆڵێکی کاراو کاریگەریان لە هێنانەدیی خۆگونجاندن و سازاندنی دەروونی و کۆمەڵایەتیی تاکەکان هەیە. هەروەها رۆڵێکی گرنگیشی لە کردارەکانی رێنمایی و چارەسەری دەروونیدا هەیەو ئامانجی هەموارکردنەوەی رەفتاری تاکەکانە، بەمەش مرۆڤ لە لادانی دەروونی و جەستەیی و کۆمەڵایەتی دەپارێزێت، بە بێ ئەوەش مرۆڤ دەبێتە کۆیلەی ئارەزوو و چێژییەکانی، زێدەباری ئەوەی پێویستە بۆ هێنانەدیی یەکریزی و هاوئاهەنگی و سازانی کۆمەڵایەتی، پاشانیش هێنانەدیی رابوون و راسانی کۆمەڵایەتیی بەهێز، کە ئاراستەو وردەکاری و رێگەکانی کۆمەڵگە لە ئەنجامدانی کاروبارە بنەڕەتییەکان دەستنیشان دەکات، وەکو پەوەردەو فێرکردن و سیاسەت و ئابووری کارو پرسە کۆمەڵایەتییەکانی دیکە (الراشد، 2017: 176- 177).

رەوشت سەرچاوەیەکەو سەرچاوەکانی دیکەی لێوە دەردەچن و کار دەکەنە سەر منداڵ، کە بە شێوەیەکی خۆڕسکی بۆ پێشوازیکردنی خاوەن دەزگای دروست و ئامادەن و ژینگەیەکی شیاون بۆ گەشەپێدانی ئەو لایەنە خۆڕسکیانەو لایەنی خێر، نەك شەڕ، بۆیە پێویستە لەسەرمان بە دوای ئەو هۆکارانەدا بگەڕێین کە دەبنە مایەی دەرکەوتنی کارو کردەوەی جۆراوجۆر لای منداڵان بە تایبەتی و لای مرۆڤەکانیش بە گشتی، چ خێربن یان شەڕ، دەبێ لێکۆڵینەوە لەسەر کارو کردەوەی منداڵ و ئەو رەفتارانەی بکەین کە بوونەتە مایەی ئەنجامدانیان و پاڵنانیان بۆ جێبەجێکردنی ئەو کارو کردەوانە، ئایا کاری خێرو چاکە دەکات وەکو خۆدەرخستن و ناوبانگ، یان وەك ئەوەی خۆڕسکانەو بە شێوەیەکی دروست و پەروەردەکراو لە ژینگەیەکی دروست و تەواو لەسەر خێرو چاکەکارین؟

کاری رەوشتکاری دەبێ تیایدا یەکسانی لە نێوان خەڵکەکەیدا هەبێت و نیازپاکیشی تێدا بێت ئەو لایەنانەش کە تیایدان و بوونەتە هۆی ئەنجامدانی ئەو کارەو لە کوێوەش هاتوون، ئایا دەبێ ئەمە لە ژینگەیەکی دروستەوە سەچاوەی گرتبێت؟ چونکە پەروەردەی

دەروونی و راهێنانی لەسەری رۆڵی بەرچاوی لە گەشەی رەوشتی لای منداڵ هەیە، جا ئەگەر سەرەڕۆیی دەروونی بەرهەڵڵا بکەین، ئەو کاتە نە رەوشت و نە رەوشتبەرزەکانیش دەبینین، ئەو دەروونانەش خاوەنەکانیان خۆیان دەناسن و دەزانن چییان کردووە، یان بە باشی نایان ناسێت، ئەوەش لە ئەنجامی ئەو کارانەی ئەنجامیان دەدات. (علی، 2020: 460_ 459).

**٢-١١-وارەکانی بەها رەوشتییەکان:**

لە میانی سەرنجدانی توێژەر لە چوارچێوەی تیۆری و توێژینەوەکانی پێشووتر، دەرکەوت کە زۆرێك لە بەها رەوشتییەکان بوونیان هەیە، بۆیە توێژەر وای پێ باش بوو ژمارەیەك لەو بەها رەوشتییانە دەستنیشان بکات:

**٢-١١-١راستگۆیی:**

راستگۆیی بەوە پێناسە دەکرێت کە گوتنی حەق و راستییە، بەوەی گوتنی قسەی هاوتای واقیع و راستییەکانە، هەندێکیان بەوە پێناسەی دەکەن کە راستگۆیی ئاخاوتن و قسە هاوواتاو کتومتی باوەڕی ئەو کەسەیە کە دەدوێت و قسە دەکات، چ هاوواتای واقیع و راستی بێت، یان هاوواتایان نەبێت، ئەم پێناسەیە نارەزایی زۆری لێکەوتۆتەوە، چونکە ئەگەر هاوواتانەبوونی باوەڕی ئەو کەسەی قسە دەکات راستگۆیی بێت، ئەو کاتە قسەی کافرەکان تیایدا بە لای ئەوانەی باوەڕیان پێی هەیە قسەی راست و دروست دەبوو، چونکە ئەوە درۆیەکی ئاشکرایەو پێچەوانەی واقیع و حەقیقەتە.

هەر دەبێت جاڕی دانپێدانان بەوەدا بنێت کە حەقە، لەبەرئەوەی راستگۆیەو رەوشتی رێگەی درۆکردنی نادات، هەرچەندە ئارەزووەکانی سەرشێتانە بن و جاڕی بێباوەڕی و نکۆڵیکردن بدات، بەمەش ئەوەمان بۆ روون دەبێتەوە کە راستگۆیی بەرەو ئیمانمان دەبات، ئیمانیش بنەماو بناغەی سەرەکیی خوداپەرستییەو بەرەو خوڵقاندنی راستگۆیی رێنمایی دەکات، هەر کەسێکیش راستگۆ بێت رەوشتەکەیشی راستگۆییەو هەرگیز کەسیکی دووڕوو و درۆزن دەرناچێت، چونکە درۆکردن یەکەم کۆڵەگەی درۆکردن و دووڕوویيە، کەسی راستگۆش یان بە راستی باوەڕ دەهێنێت و ئیسلامبوونی خۆی بە راستگۆییەوە رادەگەیەنێت، یان هەڵوەستە دەکات، تاکو حەقیقەتی بۆ دەربکەوێت" لەبەرئەوەی رەوشتی راستگۆیی رێگەی ئەوەی لێ دەگرێت کە بە درۆ ئیمانداریی خۆی دەربخات و کوفرەکەی خۆی بشارێتەوەو پەردەپۆشی بکات، هەروەها رێگەی نەگوتنی بێباوەڕییەکەی لێ دەگرێت دوای زانینی. رەوشتی راستگۆیی خاوەنەکەی لە پەیبردنی قووڵ و درکپێکردن لە شەکەتی و ناخۆشی و لەناوچوون دوور دەخاتەوەو لە رێگەی راستی نزیك دەخاتەوە، رێگەی بەهەشت، چونکە رێگەی خاوەنەکەی بەرەو ئیمان و باوەڕداری رۆشن دەکاتەوەو لە خەراپەکاری و دووڕوویی دەیپارێزێت. (المیدانی، 2002، 536).

**٢-١١-٢- ئەمانەت (الامانة):**

وەرگرتنی بێژەی ئەمانەت لە زماندا: ئەمانەت پێچەوانەو دژی خیانەتە، بکەریش جێگەی متمانەیەو کەسێکی سەرراستە (المفعول مأمون وأمين)، کەسی سەرراستیش ئەو کەسەیە باوەڕی پێی هەبێت (مؤتمن من ائتمنه). "دەگوترێت: ئەو کەسە سەرراست نییە. چونکە کەسی سەرراست ئەو کەسەیە ئەمانێت بداتەوە". "أمن بالكسر أمانة فهو أمين، ثم استعمل المصدر الأعيان مجازاً"، هەر شتێك بە راسپاردەیی دابنرێت ئەمانەتەو بەوجۆرە، کۆیەکەیشی (امانات)ە، واتە سەرراستەکانە.

بە سەرنجدانێکی وردو تێرامانێکی پشکێنەرانە بۆ ئەوەی پێشکەش کراو هەنگاوهەڵهێنان لە پێدراوە وتارییەکان و پێگەییەکانی فەرهەنگەکانەوە تێبینیی ئەوە دەکەین کە:

ئەمانەت چاوگێکی وەرگیراوە لە (أمن بضم الميم) و (ومن أمن بكسرها)، ئەو دوو وەرگیراوەش جیاوازییان لە نێواندا هەیە، چ لە واتاو چ لە بونیادو داڕشتنی، چونکە یەکەم لە روانگەی چاکەو پیاوەتییەوە، واتە لە (من الثلاثي المضموم العين، على وزن فعل، والثاني من باب سلم أي من الثلاثي المكسور العين، على وزن فعل، لی هذا فالاختلاف بينهما صرفي ودلالي).

سەرراستی دژی خیانەتە.

لە نێوان زمانزانەکاندا جیاوازی لە نێوان بەڵگەدارییەکانی (الأمنـة) هەیە کە (مصـدر کالمنعـة، فهنـاك مـن اعتبرهـا مـن الأمـن وفي معناه)، هەندێکیانیش بە سەرڕاستی دادەنێن و لە واتاکەیەوە بەکاریدەهێنن).

بەکارهێنانی هەندێك وەرگیراو (المشتقات)ی وەکو (الأمین ــ سەرڕاست) بە واتـای (الأمـن) ئەوەی پشـتگیریی ئەم وتەیەش دەکـات هەندێکیانن کە دەڵێن: "رجل أمن وأمین" بە یەك واتا دێن" وتەیەکی دیکەش: "أمـین کفـرح وأمیـر" ئەمەشـیان سـوود لە بەکارهێنـانی ئەوەی دیکەیان دەبینێت. (محجوبی" 2011: 39-40).

### ٢-١١-٣ــ مۆڵەت (الاستئذان):

مۆڵەت (الاستئذان) ئەدەب و رەوشتێکی بەرزە، پیرۆزی و رێزی ماڵەکـان دەپارێزێـت. هەر رێـزێکیش دوای ئەوەی پەیـامبەر (د.خ) وایکرد کە ئەو چاوەی بە بێ مۆڵەت سەیری شتەکان بکات، ئەوە چاوێکی بێ بەهاو بە فیڕۆ چووەو هـیچ بەهـاو بەرانبەرێکـی نیـیە.. پەیـامبەر (د.خ) لە کاتێکـدا شـەنەیەکی بەدەسـتەوەبوو دەفەرمـوێ: "ئەگەر بـزانم ئەوە تەماشـام دەکـات، ئەم شـەنەیە لە چـاوی رادەکەم. -هەڵبەتە تەماشاکردنێکی ئاسایی نا-. بەڵام ئایا مۆڵەت تەنها بۆ چاو و سەیرکردن دەبێت؟ مۆڵەت بەڵگەی شـەرم و حەیـاو رێزو داوێن پاکیی خاوەنەکەیەتی. موسڵمان دەبێ ئەوەی بۆ خۆی بە حەقی دەزانێت ئەوا بۆ براکەیشی بە حەقی بزانێـت. مـۆڵەت: بە واتای داواکردنی رێگەدان دێت بە چوونە ژوورەوە بۆ ناو شوێنێك کە کەسەکە مافی چوونە ژوورەوەی نەبێـت، چ چـوونە ژوورەوەی ماڵێك بێت، یان دەرچوون لێیەوە یاخود چـوونە نـاو کـۆڕێکەوە، یـان دەرچـوون لەو کـۆڕە، یـاخود بەکارهێنـانی کەلـوپەل و کـاڵای کەسانیتر. یاخود دەربڕینی راوبۆچوونێك لە ناو کۆمەڵە خەڵکێـك بە بـێ وەرگرتنـی مـۆڵەت و مـۆڵەت. چـونکە ئەوە دەبێـتە کـارێکی خەراپ و قەدەغەکراو بەرانبەر کارێکی رەوا.

لە ئادابی مۆڵەت: زۆر داوانەکردن و سوورنەبوون لە سەر مۆڵەت: الزمخشری دەڵێت: "ئەگەر میوان دەستبەرداری سووربوونەکەی بوو، لەبەرئەوەی دەبێتە مایەی رق لێبوونەوە، ئەو کاتە پێویستە کۆتـایی بە لێـدانی دەرگـاو هـاوارو بـانگکردن بهێنێـت، کە دەچێـتە خانەو نەریتی کەسانێکەوە بە جوانی پەروەردە نەکراون و لە خەڵکانیتر خەراپترن. (بحیری، ب ت: 524).

### ٢-١١-٤ــ دادپەروەری (العدل):

دادپەروەری لە رووی زمانی عەرەبییەوە لە بابەتێك (عدل عـدلا وعـدولا)، واتە شـتێك بە شـتێك و ئەوەی دیـکەش وەکـو ئەو، واتە هاوشێوەی پێگەی ئەو. دادپەروەری بریتییە لە یەکسانی، بەخشـینی شـت و مافەکـانی خـۆیەتی و وەرگرتنـی ئەوەیە کە لە سـەریەتی بیدات. دادەپەروەری (العـدل) لە زمـانی عەرەبیـدا بـریتییە لەوەی لە دەروونـدا هەیەو راستەو دژی زوڵـم و سـتەمکارییە. بەوەش پێناسە دەکرێت کە بریتییە لە یەکسانی، دادپەروەریش لە نێوان دوو شـت و بەرانبەرکردنـی فـڵانە کەس لەگەڵ فیسـار کەس، ئەگەر هەردووکیـان وەکـو یەك بـوون، ئەو کـاتە راسـتگۆیی و یەکسـانی لە نێـوان هەردوو وێـنەکەدا پیـادەو جێبەجێکـراوەو لە بـواری کۆمەڵایەتیشدا دادپەروەرییەکە جێبەجێ کراوە، کە بە واتای دادپەروەری دێت. دادپەروەریش بریتییە لە: بەڕێوەبردنێکی چەسپاو و هەمیشەیی بۆ رێزگرتن لە مافەکان و ئەنجامدانی هەموو ئەرکەکـان. دادپەروەری چـاکەیەکی تـاکە کەسـی و کۆمەڵایەتیشـە پـێکەوە، تاکە کەسییە لە رووی ئەوەی بەڵگە میزاجێکی خودییەو تایبەتە بە کەسی دادپەروەرەوە، کۆمەڵایەتیشـە لە رووی رەچـاوکردنی مـافی ئەوانەی دیکەوە. (علی، 2007: 233). دادپەروەری پێویستی بەوەیە تاك بەشداری لە جوولەو بزووتنەوەی بونیادنانەوەو پێشخسـتنی کـۆمەڵگە بکـات، لەبەرئەوەی بـارودۆخی تـاك چـاك نابێـت ئەگەر حـاڵی کـۆمەڵگەکەی خەراپ بێـت، بـزووتنەوەی بونیادنـان و ئاوەدانکردنەوەش لە ژیانی کۆمەڵگە یەك شت و یەك لایەن نییە، چونکە کۆمەڵگە نایەوێ هەمـوو تاکەکـانی پزیشـك یـان ئەنـدازیار یاخود دادوەرو قازی یان مامۆستا بن. (أبو عجوه، 1999: 197).

جا ئەگەر دادپەروەری تەرازوویەك بێت و هەموو کارو هەموو بیرکردنەوەو هەموو هەنگاوێك و هەموو رەفتارێکی لە ئیسـلامدا پـێ بکێشرێت و پێوانە بکرێت، ئەوە لایەنی پەروەردەییش دەگرێتەوە. دادپەروەریش لێرەدا مەبەست لێ ئەوە نییە کە کوڕان و کچـان لە یەك قوتابخانەو یەك پرۆگرامی خوێندنیش بخوێنن، چونکە ئەو کاتە پێچەوانەی فەرمانەکانی خوا دەبێـت کە هەر یەکەو بە جۆرێك

دروستی كردوون، هەروەها بە واتـای ئەوەش نـایەت كە هەمـوو كوڕەكـانیش یەك جـۆرە بـابەت بخـوێنن بەبێ هـیچ جیـاوازییەك، كچانیش بە هەمان شێوە هەمان بابەت بە بێ جیاوازی بخوێنن. (مدكور، 1990: 194).

**٣-ئەو تیۆرانەی تاووتوێی بابەتی بەهای رەوشتیان كردووە:**

**٣-١تیۆری شیكاریی دەروونی (نظرية التحليل النفسى):**

تیـۆری شـیكاریی دەروونـی كە زانـای دەروونزانـی فرۆیـد خاوەنـداری دەكـات پێیـوایە هەر بەهـایەك پشـت بە سـەرهەڵدان و گەشەسەندنی لەسەر هەڵوێستی باوان بەرانبەر منداڵەكانی دەبێت لە ساڵە بەراییەكانی تەمەنیـدا (Ekstein, 1964 p.526). هەر لەم بارەیەوە فرۆید پێیوایە وەرگرتن و بەدەستهێنانی بەهاكان لای منداڵ لە پێنج ساڵی بەرایی تەمەنی ژیانی منداڵدا دەبێت، بە جۆرێك منداڵ لەگەڵ باوانیدا پێكەوەن و ملكەچ و گوێڕایەڵی فەرمان و خواست و مەبەستەكانیان دەبێـت و وەك ئەوەی فرۆیـد نـاوی نـاوە (منی باڵا Super-ego) لەو قۆناغەدا دروست دەبێت و پێكدێت. (توق، 1980: 20). كرداری یەكتاپەرستی (التوحد) لەسەر پەیوەندیی خۆشەویستیی نێوان منداڵ و باوانی رادەوەستێت، جا ئەگەر پەیوەندییەكی خۆشەویستیی تونـدوتۆڵ لە نێوانیانـدا نەبێـت، ئەو كـاتە منداڵەكە فێری پێوەرو بەهاكانی باوانی نابێت، بەمەش فێـری پێوەرەكـانی كۆمەڵگەكەیشـی نابێـت. بـۆیە (منـی باڵاـــ الانـا الاعلـی)، رێنمایی ئایندەیی رەفتاری تاك دەكات و دەكەوێتە ژێر كاریگەریی ئەزموونەكانی رابـردووی ژیـانی پێشـوەختەیەوە (هـۆل ولینـدزی، 1971: 209). بەمەش منی باڵا دەبێتە چاودێر بەسەر رێكخستنی رەفتاری منەوە (الانا Ego)، هەروەها چاودێریی (ئەوـ الهو Id)یـش دەكات و فەرمانیان پێدەكات و هەڕەشەی سزادانیشیان لێ دەكات (صالح، 1998: 50). منی باڵا لەگەڵ ویژدان (Consciousness)دا یەكسان دەبێـت، لەبەرئەوەی نـوێنەرایەتیی ئەو بەهـا هـاوردەكراوانەی كـۆمەڵگەكە دەكـات كە بە بەهاكـانی بـاوان دەردەبـڕدرێن و دەناسرێن، ئەم ویژدانەش وا لە تاك دەكات دوودڵ و راڕا بێـت و كاتێـك رێـگەیەك بگـرێتەبەر لە لایەن كـۆمەڵگەكەیەوە نەشـیاو و قەدەغەكراو بێت و باوانیش سزای بدات، ئیدی ئەو هەست بە تاوان و شەرمەزاری دەكات" جا بۆ دووركەوتنەوەی تاك لەو هەستە، ئەوكاتە لەگەڵ بەها پەسەندكراوەكان لە رووی كۆمەڵایەتییەو یەكدەگرن و هەست بە رەزامەندی و ئاسوودەیی دەكەن. ( & Mussen Eizenbery, 1977, p.25).

**٣-٢دووەم: تیۆری رەفتاری (النظرية السلوكية):**

خاوەنی ئەم تیۆرە هڵ (Hull) وسكنەر (Skinner)و هۆڤلاند (Hovland)ن، واتە تیـۆری فێركردنـی كـرداری، تاكەكـان بەهـاو بڕیـارو رەفتارەكانیان بەپێی ئەوە دەردەبڕن كە لەسەر رەفتارەكانیان رادەوەستێت لە هەستكردنیان بە چێژو تێربـوون لە ئەنجـامی پاداشـت، یان هەستكردن بە ئازار، یاخود تێرنەبـوون لە ئەنجـامی سـزادانیان (الجبـوری، 2005: 32). هەروەهـا خـاوەنی ئەم تیـۆرە پێیـانوایە بەهێزكردنی ئەرێنی لە رەفتاری بەهاداری و دووبارەبوونەوەی هەڵوێسـتە هاوشـێوەكانەوە دەبێـت. بەڵام بەهێزكردنـی نەرێنـی كـار لەسەر رەفتاری بەهاداریی نەخوازراو دەكات، بەمەش تاكەكـان گۆڕانكـاری لە بەهاكانیـان دەكەن، بـۆ ئەوەی خۆیـان لە دوودڵـی و ترس لە سزادان بەدوور بگرن (نشوانی، 1984: 481).

**٣-٣: تیۆری فێربوونی كۆمەڵایەتیی باندۆرا (نظرية التعلم الاجتماعي باندورا Bandora):**

تیۆرەكە جەختێ لەسەر ئەو رۆڵە دەكاتەوە كە تێبینیكردن و لاساییكردنەوە لە كرداری كۆنترۆڵكردنی ئەو رەفتارو تێرامـانە دەكـاتەوە كە منداڵ لە وەڵامدانەوەی ورووژێنەرەكە ئەنجامی دەدات، ئەمەش بە واتای ئەوەی توانای روودانـی گۆڕانكـاریی بەهـایی لە میـانی تێبینیكردنی نموونە كۆمەڵایەتییەكانەوە هەیە، چونكە منداڵ رەفتارەكانی لە میانی لاساییكردنەوەوە فێر دەبێت جا دروسـت بـن یـان نادروست و نەشیاو، ئاسـتی رەفتاریشـی هەر لە منـداڵییەوە لە وەڵامـدانەوەی نمـوونە جۆراوجۆرەكـانەوە فێـر دەبـن كە كارلێكیـان لەگەڵدا دەكەن، دەستپێك لە دایكەوە كە بە خاڵی یەكەمی ئەو كارلێكە دادەنرێت و ئەو بازنەیە بەرفراوانتر دەبێت تـاكو تێكـڕای ئەو نموونانە دەگرێتەوە كە منداڵ مامەڵەیان لەگەڵدا دەكات. (آل عیسی ،2010: 56).

تیـۆری فێربـوونی کـۆمەڵایەتی چـوار هەنگـاوی کـرداری بـۆ فێربـوون بە پێشـەنگ (بەنمـوونەکردن) دەرخسـتووە کە بـریتین لە: 1. تێبینیکردنی رەفتاری ئەوانیتر. 2. وەبیرهاتنەوەی رەفتاری تێبینکراو. 3.گەڕاندنەوەی ئەوەی تێبینییکراوە. 4.هەمـوارکردنەوەی رەفتـار لە بەر رۆشنایی پەرچەخۆراك (فیدباك).

بە نمـوونەکردن (النمـذجە) لە روانـگەی خاوەنەکـانی ئەم تیـۆرەوە بـایەخێکی گەورەو تـایبەتی لە پێکهێنـانی خۆکـۆنترۆڵکردن و فێربوونی بەهاوە هەیە، چونکە منداڵ زۆر شت لە میانی ئەوەوە فێر دەبێت کە دەیانبینێت، وەکو نموونە زیندووەکان، یان هێمایە تایبەتەکان، ئەگەر رەفتاری ئەو نموونانە بە ئەنجامە بەهێزکەرەکـان بەراورد بکرێـت. چـونکە بینینـی منـداڵێك کە بە هـۆی رەفتـاری نموونەیەکەوە پاداشت یان سزا بدرێت، ئەو کاتە ئەنجامی هاوشێوە لەگەڵ خۆیدا دەهێنێت، بە تایبەتی ئەگەر لاسایی ئەو نمـوونەیە بکاتەوە، ئەوەش دەبێتە مایەی خۆلادان لە ئەنجامە ئازاربەخشەکانی وەکو رازی نەبوونی کۆمەڵ، یان لۆمەکردنی.

باندۆرا پێیـوایە کە گەشـەی رەوشـتی لە ئەنجـامی بیرکـردنەوەی تـاك و گەشەسـەندنی مەعریفـی لەلایەك و رەفتاریشـی لەلایەکـی دیـکەوە روودەدات، هەروەهـا بەهێزکردنـی خـۆکردەییش (التعزیـز التلقـائی)، ئەمەش بە پیـادەو جێبەجێکردنێکـی راسـتەوخۆی بیرۆکەکانی دادەنرێت دەربارەی پەیوەندییە ئاڵوگۆڕکراوەکانی نیوان ورووژێنەرە ژینگەییەکان و رەفتارییەکان و کـردارە عەقڵییەکـان، لە ئەنجـامی جۆراوجۆربـوونی ئەو هۆکـارە کـاریگەرانەش لەسـەر گەشەسـەندنی رەوشـتی بەمەش بە کەمـترین شـێوە ملکەچـی پێشبینیکردن دەبێت. (ال عیسی، 2010: 57).

بەهاش بە تیۆری فێربـوونی کـۆمەڵایەتییەوە پەیوەسـت دەبێـت، کە ئەوەش کـرداری بەدەسـتهێنانی تـاکە بـۆ کـۆمەڵە شـێوازێکی رەفتاری کە کۆمەڵگە پێشبینیی دەکـات و لێشـی رازیـیە، ئەو شـێوازانەش لەسـەر رۆشـنبیریی کـۆمەڵگە راوەسـتاون، چـوار کـرداری بنەڕەتیش هەن دەچنە ناو کرداری فێربوونی کۆمەڵایەتییەوە ئەوانیش بریتین لە: (ئاگاداربوون ـالانتباە و تێبینیکردنی ورد ـالملاحظة الدقیقة‌ی نموونە ـ النموذج/ پاڵنەرێتی لای منداڵان بۆ لاساییکردنەوەی نموونە/ پارێزگاریکردن لە میانی گۆڕینی رەفتـاری تێبینیکـراو بۆ وێنەی عەمبارکراو لە یادگەدا/ توانای منداڵ لە لاساییکردنەوەی نموونە لە رووی جوولەییەوە) (محمود وابراهیم، 2017: 757).

لە میانی سەرنجدانی توێژەر لەو تیۆرانەی کە شرۆڤەی بەها رەوشتییەکان دەکەن، ئەوەی بینـی کە ئەو گـۆڕدراوە لە لایەن هەمـوو قوتابخانەکانی دەروونشـیکاری و رەفتـاری و کـۆمەڵایەتی و مەعـریفییەوە تـاووتوێ کـراوە. ئەمەش گرینگـی ئەو گـۆڕدراوە بەهێزتـر دەکات کە توێژەران لە توێژینەوەکەیاندا بەکاریانهێناوەو پشتیان بە تیۆری باندۆرا Bandora بەستووە بۆ ئەم پاساوانەی خوارەوە:

ئاسان تێگەیشتنی تاکەکان و ناسینینا لە میانی لێکۆڵینەوەی بەها کۆمەڵایەتی و سیاسی و جوانکاری و تیۆرییەکانەوە.

توانای تیۆر لە جیاکردنەوەی بەهای کۆمەڵایەتی و دەرخستنی وەکو بەهایەکی زانستیی گەورە.

گشتگیرە، بە هەموو لایەنەکانییەوە، ئەوەش وا دەکات توانای پراکتیزەکردنی تیۆرەکەی لەسەر ژینگەی عێراقی و عەرەبی هەبێت.

### ٤-میتۆدی توێژینەوەو رێکارییەکانی (منهجیة البحث واجراءاته):

توێژەران میتۆدی وەسفییان لەم تـوێژینەوەیەی ئێسـتایان بەکارهێنـاوە، چـونکە میتـۆدی وەسـفی هەوڵـدەدات بـۆ رووپێـوکردنی دیاردەی لێکۆڵراو، پاشانیش وەسفکردنی و دەرئەنجامیش پشت بە لێکۆڵینەوەی دیاردە دەبەستێت لەسەر ئەوەی لە واقیعدا هەیەو بـایەخ بە وەسفکردنیشـی دەدات بە شـێوەیەکی ورد، لێکـۆڵینەوەی هەر دیـاردەیەك، یـان گـرفتێکیش بەر لە هەر شـتێك پێویسـتیی وەسفکردنی ئەو دیاردەیەو دیاریکردنی هەیە لە رووی چەندایەتی و چۆنایەتییەوە. (داود، وعبدالرحمن، 1990 : 163- 178).

٤-١کۆمەڵگەی توێژینەوە: مەبەست لە کۆمەڵگەی توێژینەوە، هەموو تاکەکان یان کەسەکان، یـاخود ئەو شـتانەیە کە بـابەتی کێشـەی توێژینەوەکە پێکدەهێنن، ئەوانەی یەك تایبەتمەندی و خەسڵەتیان هەیە لە کـاتی تێبینیکردنیـان. (النعیمـی، 2014: 62)، کـۆمەڵگەی توێژینەوە بریتییە لە کۆمەڵەی گشتیی ئەو رەگەزانەی کە توێژەر کۆشش و تەقەللا دەکات بۆ گشتاندنی ئەنجامەکانیان کە پەیوەسـتن بە گـرفتە لێکـۆڵراوەکەوە. (عبدالسـتار وجاسـم، 2015: 11)،کـۆمەڵگەی ئەم تـوێژینەوەیەی ئێسـتا لە منـداڵانی بـاخچەی (قۆنـاغی ئامادەکاری – المرحلە التمهیدیة)ی باخچە حکومییەکانی سەر بە بەڕێوەبەرایەتیی پەروەردەی گشتی- ناوەندی هەولێـر پێکهـاتوون و ژمارەیان (8098) منداڵی کورو کچن. خشتەی (1) ئەوە روون دەکاتەوە.

خشتەی (1) کۆمەڵگەی توێژینەوەیە

| ژ | پەروەردەی گشتی \|پەروەردە \| قوتابخانە | قۆناغی دووەمی باخچە | | کۆی گشتی | ژ | پەروەردەی گشتی \| پەروەردە \| قوتابخانە | قۆناغی دووەمی باخچە | | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | کوڕان | کچان | | | | کوڕان | کچان | |
| 1 | باخچەی منداڵانی گوڵاڵە | 48 | 59 | 107 | 26 | باخچەی منداڵانی ئیپەکی تورکمانی | 50 | 48 | 98 |
| 2 | باخچەی منداڵانی لاولاو | 33 | 36 | 69 | 27 | باخچەی منداڵانی چاوان | 128 | 136 | 264 |
| 3 | باخچەی منداڵانی کنێر | 160 | 165 | 325 | 28 | باخچەی منداڵانی هەوار | 113 | 130 | 243 |
| 4 | باخچەی منداڵانی نسار | 191 | 168 | 359 | 29 | باخچەی منداڵانی لەرین | 103 | 93 | 196 |
| 5 | باخچەی منداڵانی نەسرین | 52 | 53 | 105 | 30 | باخچەی منداڵانی گۆنا | 110 | 137 | 247 |
| 6 | باخچەی منداڵانی ئاریان | 61 | 83 | 144 | 31 | باخچەی منداڵانی ڕەنگین | 93 | 117 | 210 |
| 7 | باخچەی منداڵانی زرنگ | 31 | 40 | 71 | 32 | باخچەی منداڵانی چیمەن | 51 | 44 | 95 |
| 8 | باخچەی منداڵانی ئاوێز | 24 | 21 | 45 | 33 | باخچەی منداڵانی بەفرین | 31 | 38 | 69 |
| 9 | باخچەی منداڵانی ساکار | 57 | 65 | 122 | 34 | باخچەی منداڵانی فەریك | 135 | 126 | 261 |
| 10 | باخچەی منداڵانی شیلە | 59 | 74 | 133 | 35 | باخچەی منداڵانی نازۆ | 77 | 73 | 150 |
| 11 | باخچەی منداڵانی بەهار | 83 | 84 | 167 | 36 | باخچەی منداڵانی سەروەران | 48 | 79 | 127 |
| 12 | باخچەی منداڵانی شنۆ | 36 | 42 | 78 | 37 | باخچەی منداڵانی ڕۆژ | 147 | 132 | 279 |
| 13 | باخچەی منداڵانی ڕێسا | 108 | 92 | 200 | 38 | باخچەی منداڵانی شۆرش | 69 | 75 | 144 |
| 14 | باخچەی منداڵانی ڕەیحان | 20 | 20 | 40 | 39 | باخچەی منداڵانی ڕۆناکی | 55 | 66 | 121 |
| 15 | باخچەی منداڵانی مەهرۆخان | 47 | 46 | 93 | 40 | باخچەی منداڵانی مرواری | 133 | 90 | 223 |
| 16 | باخچەی منداڵانی مێلاق | 63 | 54 | 117 | 41 | باخچەی منداڵانی لاژە | 85 | 73 | 158 |
| 17 | باخچەی منداڵانی گولەباغ | 121 | 94 | 215 | 42 | باخچەی منداڵانی شۆخان | 86 | 79 | 165 |
| 18 | باخچەی منداڵانی یاسەمین | 94 | 89 | 183 | 43 | باخچەی منداڵانی لاوین | 133 | 138 | 271 |
| 19 | باخچەی منداڵانی وێنە | 106 | 120 | 226 | 44 | باخچەی منداڵانی ئازادی | 54 | 64 | 118 |
| 20 | باخچەی منداڵانی هاژە | 98 | 106 | 204 | 45 | باخچەی منداڵانی گادگرۆس | 98 | 94 | 192 |
| 21 | باخچەی منداڵانی ژوان | 70 | 47 | 117 | 46 | باخچەی منداڵانی خونچە | 37 | 56 | 93 |
| 22 | باخچەی منداڵانی ڕاز | 84 | 78 | 162 | 47 | باخچەی منداڵانی ئەوین | 154 | 132 | 286 |
| 23 | باخچەی منداڵانی ئاشنا | 78 | 74 | 152 | 48 | باخچەی منداڵانی گەلاوێژ | 84 | 106 | 190 |
| 24 | باخچەی منداڵانی شنە | 108 | 103 | 211 | 49 | باخچەی منداڵانی بێتواتەی نوێ | 62 | 81 | 143 |
| 25 | باخچەی منداڵانی برایەتی | 29 | 44 | 73 | 50 | باخچەی منداڵانی قەرەقۆینلۆی تورکمانی | 13 | 24 | 37 |
| کۆی گشتی | | | | | | | **4010** | **4088** | **8098** |

**٤-٢نموونەکانی توێژینەوە:** بەشێکە لەو کۆمەڵگەیەی لێکۆڵینەوەکەی لەسەر دەکرێت و توێژەر بە شێوەیەکی هەڕەمەکی، یان مەبەستدارو بەپێی شێوازی توێژینەوەو هەلومەرجی ئەنجامدانی هەڵیاندەبژێرێت (النعیمی، 2014: 63). بۆیە ئەو بەشەی کۆمەڵگەکەیە کە بەپێی بنەماو ڕێگە زانستییەکان هەڵدەبژێردرێت، بە جۆرێك نوێنەرایەتییەکی دروستی کۆمەڵگەکە بکات، بۆیە توێژەر چاوگەنموونەکانی توێژینەوەکەی بەپێی ئەمانەی خوارەوە هەڵبژاردووە:

**٤-٢-١نموونەی ڕاپرسی (العينة الاستطلاعية):**

بە مەبەستی زانینی ئاستی روون و رەوانیی ڕێنوماییەكانی پێوەرەكە لە لایەن ئەوانەی وەڵامیانداوەتەوەو زانینی روون و رەوانی و تێگەیشتنی برگەكانی پێوەرەكەو هەروەها زانینی ئەو كاتەی بۆ وەڵامدانەوە لەسەر پێوەرەكە خایاندوویەتی چەندە. توێژەر پێوەرەكەی لەسەر كۆمەڵە منداڵێك پراكتیزە كردووە كە ژمارەیان (14) منداڵی كوڕو كچە، دەركەوت ڕێنوماییەكانی پێوەرەكەو ڕێگەی وەڵامدانەوەكە روون و رەوانەو برگەكانیشی بە زمانێكی سادەو ئاسان نووسراوە، ئەو كاتەی بۆ وەڵامدانەوەش خایاندوویەتی گەیشتۆتە نێوان (15-20) خولەك.

**٤-٢-٣ نموونەی جێگیری (عينة الثبات):**

توێژەران چاوگەنموونەی چینایەتی هەڕەمەكییان هەڵبژارد كە ژمارەیان (28) منداڵی كوڕو كچ بوو، بەسەر ژمارەیەك باخچەدا دابەشكرابوون: (شنە، گادگرۆس، یاسەمین، لاولاو، گۆنا، رووناكی)، لە (24-2022/10/25) پێوەرەكەیان بەسەردا پراكتیزە كرا، دوای (14) رۆژ لە ڕێكەوتی (7-2022/11/8) تاقیكردنەوەكە لە سەر هەمان كۆمەڵ دووبارە كرایەوە، بۆ ئەمەش (هاوكۆلكەی پەیوەستگیریی پێرسۆن) بۆ هەژماری جێگیركردنی پێوەری بەهای رەوشتی بەكارهێنراو ڕێژەی جێگیریش (0.982) بوو، بۆ هەژماری جێگیریی پێوەری بەهای رەوشتی

**٤-٢-٤ نموونەی شیكاریی ئاماری (عينة التحليل الاحصائی):**

بە مەبەستی شیكاریی ئاماری، توێژەر چاوگەنموونەی چینایەتیی هەڕەمەكی لە كۆمەڵگەكە هەڵبژارد كە نوێنەرایەتیی بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی پەروەردەی ناوەندی هەولێریان دەكرد، ژمارەشیان (400) منداڵی كوڕو كچ بوون لە هەشت باخچە، خشتەی (2) ئەوە روون دەكاتەوە.

خشتەی (2) چاوگەنموونەی شیكاریی ئاماری

| ژ | ناوی باخچە | مێ | نێر | كۆی منداڵان |
|---|---|---|---|---|
| 1 | باخچەی ئازادی | 51 | 34 | 85 |
| 2 | باخچەی گەلاوێژ | 15 | 13 | 28 |
| 3 | باخچەی لەرین | 11 | 26 | 37 |
| 4 | باخچەی زرینگ | 35 | 27 | 62 |
| 5 | باخچەی لاوین | 15 | 32 | 47 |
| 6 | باخچەی برایەتی | 28 | 20 | 48 |
| 7 | باخچەی ڕەنگین | 22 | 14 | 36 |
| 8 | باخچەی روناكی | 24 | 33 | 57 |
| | **كۆی گشتی** | **201** | **199** | **400** |

**٥- ئامرازەكانی توێژینەوە:** بۆ هێنانەدیی توێژینەوەكەو گریمانەكانی" توێژەر ئەمانەی ئەنجامدا:

**٥-١دروستكردنی پێوەری بەها رەوشتییەكان :**

**٥-٢هەنگاوەكانی بونیادنانی پێوەر:**

پێداچوونەوەی ئەدەبیات و نووسینە پەیوەندیدارەكان و توێژینەوەكانی پێشووترو زێدەباری سەرنجدانی توێژەر لەسەر ژمارەیەك لەو پێوەرانەی كە گرینگان بە بەهای رەوشتی داوە وەكو پێوەرەكانی: (النوری 1985، حەمدی 2007، المعلوف والعوامرە 2018)و دەستنیشانكردنی مەبەست لە بەها رەوشتییەكان لای منداڵانی باخچە چییە بە دەستنیشانكردنێكی ورد و دانانی پێناسەی تیۆری

بۆی، توێژەران چەمکەکەکیان دەستنیشان کردو ئەم پێناسەیەیان بۆ دارشت، ئەوەش بە پشتبەستن بە تیۆری فێربوونی کۆمەڵایەتیی باندورا Bandura: ((بـریتییە لە کـۆمەڵە بنەمـاو کۆنترۆڵکـارییەك کە رەفتـاری تـاك رێکـدەخات و لە بەهـا باوەکـانی کـۆمەڵگە، یـان کۆمەڵەوە سەرچاوە دەگرێت و لە میانی ئەوەشەوە بڕیار لەسەر رەفتارەکانیان دەدرێت)).

دەستنیشانکردنی بوارەکانی بەهای رەوشت بۆ منداڵانی باخچە: توێژەر چوار بـواری سـەرەکیی بەهـای ررەوشـتی دەستنیشـانکرد کە بریتی بوون لە: (راستگۆیی، ئەمانەت،مۆڵەت، دادپەروەری).

### ٥-١بوارەکانی پێوەری بەها رەوشتییەکان:

### ٥-١-١راستگۆیی:

راستگۆیی بەوە پێناسە دەکرێت گوتنی حەقەو گـوتنی شـتێکە رێـك هاوتـای واقیـع و حەقـیقەتە، پێـی دەڵێـن و هەندێکیشـیان بە راستگۆیی دەیناسێنن، بەوەی گفتارێکە هاوتای باوەڕمەندیی ئاخافتنکارە، چ ئەوەی لەگەڵ واقیع و حەقیقەتـدا هاوتـایە، یـان هاوتا نییە، ئەم پێناسەیەش بەرهەڵستکاریی هەیە، بەوەی ئەگەر ئەوە گونجاو و راسـت بێـت کە ئەوەی لەگەڵ باوەڕنـامەی ئاخافتنکـاردا راسـتگۆیی بێـت، خـۆ قسـەو ئاخـاوتنی کافرەکـانیش لەوەی باوەڕیـان پێیەتـی راسـتگۆیی دەبێـت، کە ئەمەش دۆریەکـی ئاشـکرایەو پێچەوانەی واقیع و حەقیقەتە. (المیدانی، 2002: 526).

### ٥-١-٢سەرڕاستی (ئەمانەت):

سەرڕاستی (ئەمانەت) لە لایەنی دەروونیـیەوە بەهـایەکی جێگیـرە لە دەروون و مـرۆڤ خـۆی پـێ لەو شـتانە دەپارێزێـت کە مـافی بەسەرەوە نییە، ئەگەر هەلـومەرجی دوژمنکارانەشـی بـۆ برەخسـێت، ئەوا خـۆی لای خەلکـی تووشـی شـەرمەزاری ناکـات و ئەوەی لایەتی، یان ئەو مافەی لای خەڵکییە ئەنجامی دەدات. (المیدانی، 2002: 645).

### ٥-١-٣مۆڵەت (الاستئذان):

مۆڵەتی خوو و ئەدەبێکی بەرزە، رێزی ماڵان دەپارێزێت و پارێزگاری لە هەڵسوکەوتکردن بە شـتی خەلکـانی دیـکەوە دەکـات، یـان دەربرینی راوبۆچوونێك ناو کۆمەڵگە یان شتێر. ئەو مۆڵەتی ئەنجامدانی کارێکی قەدەغەکراوە بە شێوەیەك رەوا. (بحیـری، ب.د. ت. 524).

### ٥-١-٤دادپەروەری(العدل):

دادوەری بـریتییە لە راسـتەڕێبوون و یەکسـانی کە هەردووکیـان دوو وێـنەی پراکتیزەکردنـی دادپەروەری بە واتـای: بەڕێـوەبردنی چەسپاو و هەمیشەیی دێت بۆ رێزگرتن لە مافەکان و ئەنجامدانی هەموو ئەرك و مافەکان. دادپەروەری چاکەکارییەکی تاکە کەسـی و کۆمەڵایەتییە پێکەوە. تاکە کەسییە لە رووی ئەوەی بەڵگەی کەیفسازییەکی خودیی تایبەتە لای مرۆڤـی دادپەروەر، کۆمەڵایەتیشـە لە رووی ئەوەی رەچاوی مافی کەسانی دیکە دەکات. (علی، 2007: 233).

### ٥-٢-دارشتنی برگەکانی پێوەر:

بابەتی دارشتنی برگەکانی هەر پێوەرێک لە زانستە دەروونی و مرۆڤایەتیەکان، بابەتێکی گرینگە، وە توێژەر بـۆ ئەم مەبەسـتە پشـتی بەسـتووە بە ئەدەبیـات و لێکۆڵینەوەکـانی پێشـوو کە پەیوەسـتن بە بەهـای رەوشـتی، پێـوەرەکە پێکهـاتووە لە ٣٠ بـرگە لە شـێوەی دەستەواژەی راپۆرتی دابەشکراوە بەسەر چوار بوار کە منداڵەکە وەڵام دەداتەوە بە پێی پرسیارەکان کە لە منداڵەکە دەکرێت.

### ٥-٢-١ڕێنماییەکانی پێوەر:

کرداری ئامادەکردنی ڕێنماییەکانی وەڵامدانەوەی هەرپێوەرێک لە بنەمـا گرینگەکـانی تـوێژینەوە دەروونـی یەکـان دادەنرێـت.کەلە ڕێـگەیەوە وێنەیەکـی ڕوون و ئاشـکرا پێشـانی وەڵامـدەرەوە دەدات لەسـەر چـۆنیەتی وەڵامـدانەوەیان لەسـەر برگەکـانی پێـوەر بەهەڵبژاردنی جێگرەوەیەکی گونجاو، کە گوزارشت لەڕاو بۆچوونی وەڵامـدەرەوەکە دەکـات، بـۆیە تـوێژەر هەڵدەسـتێ بە دارشـتنی

ڕێنمایەکانی پێوەری بەهای ئەخلاقی بەشێوازی سادەو ڕوون و ڕەوان، وەداوا لە وەڵامدەرەوە دەکات کە گشت برگەکانی پێوەرەکە بخوێنێتەوە و یەکێک لە جێگرەوەکان هەڵبژێرێت کە گوزارشت لە هەڵوێستی ئەو دەکات، و توێژەر بە وەڵامدەرەوەکە ڕادەگەیەنێت کە وەڵامەکان لەلایەن توێژەرەوە دەپارێزێت ورێزی لێدەگیرێت سوپاسی کرد بۆ هاوکاریکردنی.

**٥-٢-٢هەڵچنینی پێوەر :**

یەکێکە لەڕێکارە پێویستیەکان بۆگۆڕینی نیشانەکان بۆ ژمارەکان و دیاریکردنی نمرەی گشتی پێوەری بەهای ئەخلاقی بەدانانی ژمارەکان لە بری نیشانەکان لەکاتی هەڵبژاردنی جێگرەوەکان، کە لەسێ جێگرەوە پێکهاتوون، جێگرەوەی یەکەم (هەمیشە) (١)نمرەی پێداوە، جێگرەوەی دووەم (هەندێک جار ) (٢)نمرەی پێداوە، جێگرەوەی سێیەمیش (هەرگیز)(٣) نمرەی پێداوە ئەوانە کاتێک برگەکان ئەرێنی بن بەڵام لە برگە نەرێنیەکان پێچەوانە دەبێتەوە (١، ٢، ٣).

**٥-٢-٣ڕوونکردنەوەی برگەکانی پێوەر:** بۆزانینی ڕوونی برگەکانی پێوەر توێژەر هەڵسا بە پێشاندانی پێوەری بەها بەشێوەی سەرەتایی کە پێکهاتبوو لە (٣٠) برگە دابەشکراوە بەسەر ٤ بوار، وە پێشاندانی بە کۆمەڵێک پسپۆڕ و شارەزایی بواری دەروونزانی و ڕێنمایی دەروونی وپەروەردەیی و پێوانە و هەڵسەنگاندن، کە ژمارەیان (١٣) پسپۆڕ بوو ، وەک لە خراوەتە ڕوو پێوەرەکە بە شێوەی سەرەتایی پێشکەش بە پسپۆڕان کرا داوایان لێکرا تێبینیەکانیان لەسەر بدەن، و بۆ پێوانی دیاردەکە نیشانەی (/) لەژێر خانەی گونجاوە، ئەگەر برگەکە گونجاو بوو، و نیشانەی (/) لەژێر خانەی (نەگونجاو) ئەگەر برگەکە توانای پێوانی ئەو دیاردەی نەبوو، وڕوونکردنەوەی هەرگۆڕانکاریەک ئەگەر هەبێت لەژێر خانەی گونجاو دوای گۆڕانکاری)، ودوای کۆکردنەوەی وەڵامەکانی شارەزایان، توێژەر پشتی بەست بە بەهای (دووجای کای)بۆ بڕیاردان لەسەر ڕای شارەزایان لەسەر مانەوەی برگەکانی پێوەر، وە هەر برگەیەک واتاداری ئاماری لە بەهای دووجای کای بەدەست نە هێنا، ئەوا ئەو برگەیە لادەچێت، وە هەموو برگەکان بەهای دووجای کای ژمێردراویان گەورەترە لە بەهای دووجای کای خشتەیی، کە دەکاتە (3.841) لە ئاستی (٠،٠٥) و بە نمرەی ئازادی (١)، جگە لەبرگەی(١) لە (بواری ڕاستگۆیی )کە بریتیە لە (ئەگەر کارێکی خراپت ئەنجامدا هەوڵدەدەیت ڕاستیەکەی نەدرکێنی )، لەو برگەیەدا بەهای دووجای کای ژمێردراوە کەمترە لە بەهای دووجای کای خشتەی کە لەم خشتەیەی خوارەوە زیاتر ڕوون کراوەتەوە، وە پێوەر بەشێوەی کۆتایی پێکهاتووە لە(٢٩)برگە کە.

خشتەی( 3 ) بەهای کای دووجا بۆ زانینی ڕای شارەزایان لە ڕوونکردنەوەی برگەکانی پێوەری بەها

| لایەنەکان | ژمارەی برگەکان | ژمارەی شارەزایان | ڕازیبوون | ڕازینەبوون | نرخی دوجای کای | | بەڵگەدار 0.05 |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | هەژمارکراو | خشتەیی | |
| ڕاستگۆیی | ٧/٦/٥/٤/٢ | 13 | 12 | 1 | 9.308 | 3.841 | واتادارە |
| | ١ | | 9 | 4 | 1.923 | | واتادار نییە |
| | ٣ | | 13 | 0 | HS | | واتادارە |
| دادپەروەری | ٧/٦/٢/١ | | 12 | 1 | 9.308 | | واتادارە |
| | ٥/٤/٣ | | 11 | 2 | 6.231 | | واتادارە |
| ئەمانەت | ٦/٥/٣/١ | | 13 | 0 | HS | | واتادارە |
| | ٨/٧/٤/٢ | | 12 | 1 | 9.308 | | واتادارە |
| مۆڵەت | ٧/٦/٥/٤/٣/١ | | 13 | 0 | HS | | واتادارە |
| | ٢ | | 12 | 1 | 9.308 | | واتادارە |

**٥-٢-٦-هێزی جیاکەرەوەی برگەکان:**

هێزی جیاکەرەوە بریتیە لە توانای برگە لە جیاوازی کردن لەنێوان ئاستە بەرزەکان و ئاستە نزمەکان لەنێوان ئەو تاکانەی کە پێوەرەکەیان لەسەر ئەنجام دراوە ئەمەش بە گوێرەی نیشانەیەک یان جیاکەرەوەیەک، کە ئەم برگەیە لەوانی تر جیابکاتەوە، لەکاتی

هەژمارکردنی هێزی جیاکەرەوە بۆ برگەکانی پێوەر، برگەی باش بریتیە لەو برگەیەی هێزی جیاکەرەوەی بەرز بێت.(سلمان، ٢٠١٢ : ٢٩٩).

وە توێژەر بۆلێکۆڵینەوە لە هێزی جیاکەرەوەی برگەکانی پێوەری بەهای ئەخلاقی لەسەر نموونەی شیکردنەوەی ئاماری کە ژمارەیان (108) منداڵ بوو، دوای هەڵچنینی فۆڕمەکان توێژەر هەڵسا بە ڕیزکردنی نمرەکان لەبەرزترین نمرە بۆ نزمترین نمرە بۆ هەریەک لە نمرەکانی سەرەوە (27% ) و خوارەوەی (27% ) هەڵبژارد، بەم جۆرە ژمارەی منداڵانی هەریەک لە کۆمەڵەی بەرزو کۆمەڵەی نزم گەیشتە (54) منداڵ ،پاشان توێژەر تاقیکردنەوەی تائی بەکارهێنا بۆ دوو نموونەی سەربەخۆ بۆ هەژمارکردنی جیاوازی واتاداری نێوان هەردوو کۆمەڵەکە لە نمرەکانی هەر برگەیەک لە برگەکانی پێوەرەکە و بەکارهێنانی هەگبەی ئاماری SPSS، دوای بەکارهێنانی تائی دەرکەوت کە (24) برگەیان واتادارن بەڵام (5) برگەیان واتادار نین پێک دێت لە برگەی (3، 4، 5، 9، 11)، و بەهای تائی ژمێردراویان گەورەترە لە بەهای تائی خشتەی، کە دەکاتە (2.007) لە ئاستی واتاداری (0.05) و نمرەی ئازادی (52). خشتەی ژمارە (4) زیاتر ئەمە ڕوون دەکاتەوە.

خشتەی ژمارە (4)

| | کۆمەڵە | ژمارە | ناوەندی هەژمار | لادانی پێوەریانە | بەهای تائی | پلەی ئازادی | P-Value | بەڵگەداری | | کۆمەڵە | ژمارە | ناوەندی هەژمار | لادانی پێوەریانە | بەهای تائی | پلەی ئازادی | P-Value | بەڵگەداری |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| Y1 | بەرز | 27 | 2.41 | 0.636 | 5.669 | 52 | 0 | واتادارە | Y16 | بەرز | 27 | 2.96 | 0.192 | 5.316 | 52 | 0 | واتادارە |
| | نزم | 27 | 1.52 | 0.509 | | | | | | نزم | 27 | 2.22 | 0.698 | | | | |
| Y2 | بەرز | 27 | 2.7 | 0.542 | 2.337 | 52 | 0.023 | واتادارە | Y17 | بەرز | 27 | 2.85 | 0.362 | 4.077 | 52 | 0 | واتادارە |
| | نزم | 27 | 2.33 | 0.62 | | | | | | نزم | 27 | 2.3 | 0.609 | | | | |
| Y3 | بەرز | 27 | 1.59 | 0.747 | -1.954 | 52 | 0.056 | واتادار نییە | Y18 | بەرز | 27 | 2.96 | 0.192 | 4.313 | 52 | 0 | واتادارە |
| | نزم | 27 | 2 | 0.784 | | | | | | نزم | 27 | 2.33 | 0.734 | | | | |
| Y4 | بەرز | 27 | 2 | 0.877 | -1.03 | 52 | 0.308 | واتادار نییە | Y19 | بەرز | 27 | 3 | 0 | 6.592 | 52 | 0 | واتادارە |
| | نزم | 27 | 2.22 | 0.698 | | | | | | نزم | 27 | 2.07 | 0.73 | | | | |
| Y5 | بەرز | 27 | 1.67 | 0.784 | -1.459 | 52 | 0.151 | واتادار نییە | Y20 | بەرز | 27 | 2.78 | 0.577 | 6.348 | 52 | 0 | واتادارە |
| | نزم | 27 | 1.96 | 0.706 | | | | | | نزم | 27 | 1.63 | 0.742 | | | | |
| Y6 | بەرز | 27 | 2.67 | 0.555 | 3.95 | 52 | 0 | واتادارە | Y21 | بەرز | 27 | 2.93 | 0.267 | 6.097 | 52 | 0 | واتادارە |
| | نزم | 27 | 2 | 0.679 | | | | | | نزم | 27 | 2.07 | 0.675 | | | | |
| Y7 | بەرز | 27 | 2.52 | 0.753 | 3.023 | 52 | 0.004 | واتادارە | Y22 | بەرز | 27 | 3 | 0 | 7.126 | 52 | 0 | واتادارە |
| | نزم | 27 | 1.96 | 0.587 | | | | | | نزم | 27 | 2.07 | 0.675 | | | | |
| Y8 | بەرز | 27 | 2.85 | 0.456 | 3.46 | 52 | 0.001 | واتادارە | Y23 | بەرز | 27 | 2.52 | 0.849 | 2.478 | 52 | 0.017 | واتادارە |
| | نزم | 27 | 2.26 | 0.764 | | | | | | نزم | 27 | 2 | 0.679 | | | | |
| Y9 | بەرز | 27 | 2.15 | 0.907 | 0.159 | 52 | 0.874 | واتادار نییە | Y24 | بەرز | 27 | 2.96 | 0.192 | 6.855 | 52 | 0 | واتادارە |
| | نزم | 27 | 2.11 | 0.801 | | | | | | نزم | 27 | 2.19 | 0.557 | | | | |
| Y10 | بەرز | 27 | 2.52 | 0.753 | 2.886 | 52 | 0.006 | واتادارە | Y25 | بەرز | 27 | 2.93 | 0.267 | 4.555 | 52 | 0 | واتادارە |
| | نزم | 27 | 1.89 | 0.847 | | | | | | نزم | 27 | 2.26 | 0.712 | | | | |
| Y11 | بەرز | 27 | 2.04 | 0.94 | 0.319 | 52 | 0.751 | واتادار نییە | Y26 | بەرز | 27 | 2.93 | 0.385 | 5.275 | 52 | 0 | واتادارە |
| | نزم | 27 | 1.96 | 0.759 | | | | | | نزم | 27 | 2.15 | 0.662 | | | | |
| Y12 | بەرز | 27 | 2.96 | 0.192 | 3.729 | 52 | 0 | واتادارە | Y27 | بەرز | 27 | 2.93 | 0.267 | 4.555 | 52 | 0 | واتادارە |
| | نزم | 27 | 2.48 | 0.643 | | | | | | نزم | 27 | 2.26 | 0.712 | | | | |
| Y13 | بەرز | 27 | 2.93 | 0.267 | 3.395 | 52 | 0.001 | واتادارە | Y28 | بەرز | 27 | 2.89 | 0.32 | 5.644 | 52 | 0 | واتادارە |
| | نزم | 27 | 2.41 | 0.747 | | | | | | نزم | 27 | 2.11 | 0.641 | | | | |
| Y14 | بەرز | 27 | 3 | 0 | 5.467 | 52 | 0 | واتادارە | Y29 | بەرز | 27 | 2.89 | 0.32 | 3.844 | 52 | 0 | واتادارە |
| | نزم | 27 | 2.3 | 0.669 | | | | | | نزم | 27 | 2.33 | 0.679 | | | | |
| Y15 | بەرز | 27 | 3 | 0 | 6.617 | 52 | 0 | واتادارە | | | | | | | | | |
| | نزم | 27 | 2.11 | 0.698 | | | | | | | | | | | | | |

**٦-ئاماژەکانی ڕاستگۆیی پێوەری بەهای ڕەوشت:**

ڕاستگۆیی لە گرنگتریی ئەو تایبەتمەندییانە دادەنرێت کە پێویستە لە بونیادنانی تاقیکردنەوەکاندا گرینگیان پێ بدرێت، چونکە تاقیکردنەوەی ڕاستگۆیانە ئەو تاقیکردنەوەیەیە توانای لەسەر پێوانەکردنی سیماو تایبەتمەندی یان ئەو دیاردەیە هەیە کە لە پێناویدا دانراوە. (النعیمی، 2014: 219).

هەروەها بۆ لێکۆڵینەوە لە ڕاستگۆیی پێوەرەکە توێژەر چەند ڕێگایەکی گرتۆتەبەر، کە ئەمانەن:

**١-٦ڕاستگۆیی ڕواڵەت:**

ڕاستگۆیی پێوەر بە واتای ئەوە دێت کە تاچەند بڕگەکانی پێوەر بەشێوەیەکی وردو ڕێکخراو یەکسان پێوانەی دیاردەکە دەکەن.(علی، ٢٠١٦: ١١)، ویقصد بالصدق قدرة المقیاس علی قیاس الصفة المراد قیاسها ( الغریب، 1988 : 677).

یان بە واتای توانای پێوانەکردنی تایبەتمەندیەک یان ئاڕاستەیەک یان ئامادەباشیەک کە پێوانەکەی لە پێناودا داڕێژراوە و هیچی دکە پێوانە ناکات (عباس، ١٩٩٦: ٢٢).

بۆ لێکۆڵینەوە لەم جۆرە ڕاستگۆییە، توێژەر هەڵسا بە دابەشکردنی پێوەری بەهای ئەخلاقی بەشێوەی سەرەتای بەسەر( ١٣) پسپۆڕو شارەزای بواری دەروونزانی و ڕێنمایی دەروونی و پەروەردەیی، پێوانە هەڵسەنگاندن .

**٢-٦ڕاستگۆیی بونیادنان:**

لە زانینی ئاستی پێوانەکردنی پێوەرێك بۆ دیاردەیەك یان سیماو خەسڵەتێکی دیاریکراو بەکاردەهێنرێت، بۆ دڵنیابوونیش پشت بە هەژمارکردنی ژمارەیەك لە نیشانەو ئاماژەکانی هاوکۆلکەکانی پەیوەستگیری دەبەستێت لەگەڵ نمرەی گشتیی پێوەرەکە، زێدەباری هاوکۆلکەی پەیوەستگیریی نمرەی بڕگەکە بەو بوارەی دەبێتە بەڵگەی ڕێکخستنی ناوخۆیی. (خضر، 2020: 166)، بۆیە توێژەر هاوکۆلکەی پەیوەستگیریی نێوان نمرەی بڕگەو نمرەی گشتیی پێوەرەکە دەربهێنێت، وەك ئەوەی لە خشتەی (5) ڕوونکراوەتەوە، هەروەها توێژەر ڕیزبەندی (مصفوفة) پەیوەستگیریی ناوخۆییش دەرهێنا، واتە پەیوەستگیریی هەر چوار بوارەکە بە نمرەی گشتیی پێوەری (بەها ڕەوشتییەکان). دوای ئەوەی پێوەرەکەش لە سەر چاوگەنموونەی شیکاریی ئاماری پراکتیزە کرد کە ژمارەیان (400) منداڵی کوڕو کچ بوو، پاشان داگرتنی (تفریغ) داتاکانی، دوای بەکارهێنانی هاوکۆلکەی پەیوەستگیریی (سپیرمان)ی نێوان نمرە گەشتییەکانی هەر بوارێك لەگەڵ نمرەی گشتیی پێوەرەکە بە گشتی دەرکەوت کە هاوکۆلکەی پەیوەستگیری بەڵگەداری ئاماری بوو، بەبەرئەوەی بەهای هاوکۆلکەکانی پەیوەستگیریی هەژمارکراو لە بەهای خشتەکاری گەورەتر بوو و گەیشتە (0.197) لە ئاستی (0.05)و نمرەی ئازادیی (98)، ئەمەش ئاماژەیە بۆ ڕاستگۆیی بونیادنانی پێوەری (بەهای ڕەوشتی) و خشتەی ( 5) ئەوە ڕوون دەکاتەوە.

خشتەی ژمارە ( 5 ) پەیوەندیی بوارەکان بە یەکترییەوە لە میانی پەیوەستگیریی ریزبەندی سپێرمان

| | ڕاستگۆیی | دادپەروەری | ئەمانەت | مۆڵەت |
|---|---|---|---|---|
| ڕاستگۆیی | 1 | -0.061 | 0.134 | 0.109 |
| دادپەروەری | | 1 | .496** | .276** |
| ئەمانەت | | | 1 | .630** |
| مۆڵەت | | | | 1 |

خشتەی ژمارە (6) پەیوەندیی بوارەکان بە کۆمەڵەی گشتی لە میانی پەیوەستگیریی ریزبەندی سپێرمان

| | کۆی گشتی | بەڵگەداری |
|---|---|---|
| ڕاستگۆیی | .367** | واتادارە |
| دادپەروەری | .600** | واتادارە |
| ئەمانەت | .860** | واتادارە |
| مۆڵەت | .779** | واتادارە |

### ٦-٣راستگۆیی وەرگێڕان: (صدق الترجمة):

لە سۆنگەی ئەوەی کە خوێندن لە قۆناغی باخچە بە زمانی کوردییە، بۆیە وا پێویستی کرد ئامرازی توێژینەوەکە کە (پێوەری بەهای ڕەوشتی)یە بە زمانی کوردی بێت، بۆیە راستگۆیی وەرگێڕانەکە کارێکی زۆر پێویست بوو، چونکە شێوازی بنەڕەتیی ئامرازەکە بە زمانی عەرەبی ئامادەکرابوو، بە جۆرێك توێژەر بە یارمەتیی یەکێك لەوانەی وانە دەڵێنەوەو لە بواری پەروەردەشدا بسپۆرە، ناوەڕۆکی پێوەرەکەی لە زمانی عەرەبییەوە گۆڕییە زمانی کوردی، پاشان داوای لە یەکێك لە پسپۆڕانی ڕێگەکانی وانەگوتنەوەی عەرەبی کرد، وەرگێڕانەکە لە زمانی کوردییەوە بگۆڕێتەوە بۆ زمانی عەرەبی ، لە کاتی هاوتاکردنی (مطابقة) دانەی عەرەبیی وەرگێردراو لەگەڵ دانەی ئەسڵی بە زمانی عەرەبی، هیچ جیاوازییەکی ئەوتۆی لە نێوان هەردوو دەقەکە، ڕەسەنەکەو وەرگێڕانەکە بەدی نەکرد ئەمەش بەڵگەی راستگۆیی وەرگێڕانەکەیەو ئەو کاتەش توێژەران لە سەلامەتیی دانەی وەرگێردراوەکەیان بۆ زمانی کوردی دڵنیا بوون و توانای پشتبەستنیان پێی لە پێوانەکردنی مەبەستی ئەم توێژینەوەیەی ئێستا بۆ دابین کرد.

### ٦-٤ڕاستگۆیی ناوەڕۆک:

ئەم جۆرە راستگۆییە لە میانی شیکاریی لۆژیکیی ناوەڕۆکی پێوەرەکە دێتە دی، ئەوەش بە پشتبەستن بە راوبۆچوونی شارەزایانی مەیدانەکە. (الجبوری، 2005: 88).

بۆیە توێژەر لێکۆڵینەوەی کرد لەم جۆرە ڕاستگۆییە لەڕێی ئەوڕێکارییانەی ئەنجامییدا لە دارشتنی ئامانجە ڕەفتارییەکانی و ئامادەکردنی برگەکانی پێوەرەکە لەبەر ڕۆشناییەکەیدا، پاشان پێشکەشی بە لێژنەی پسپۆڕان و شارەزایان کرد بۆ دڵنیابوون لە گونجانیان، لەئەنجامدا یەک برگە ڕازیبوونی لەسەر نەدرا .

### ٦-٥ڕاستگۆیی بڕگەکان (صدق الفقرات)

ئەم جۆرەیان بە گرینگترین ڕێگا دادەنرێت بۆ پێوانەکردنی ڕاستگۆیی تاقیکردنەوە، کە دەستەواژەیەکە بۆ هاوکۆڵکەی پەیوەستبوونی پیرسون لەنێوان نمرەی گشتی هەر برگەیەک لە برگەکان لەگەڵ نمرەی گشتی پێوەرەکە (علی، ٢٠٢٢: ٩٢) ، توێژەر بۆ بە دەستهێنانی ئەم جۆرە هەڵسا بە جێبەجێکردنی پێوەرەکە لەسەر نموونەی شیکردنەوەی ئاماری کە پێکهاتبوو لە (400) منداڵ، دواتر هەژمارکردنی هاوکۆڵکەی پەیوەستبوونی پیرسون بە بەکارهێنانی هەگبەی ئاماری SPSS لە نێوان نمرەی هەر برگەیەک لەگەڵ نمرەی گشتی پێوەرەکە هەروەک لە خشتەی (8 ) خراوەتەڕوو:

خشتەی (8)پەیوەندی هەر برگەیەک لەگەڵ کۆی گشتی پێوەری بەهای ڕەوشتی لەرێگەی هاوکۆڵکەی پەیوەستبوونی پێرسۆن لە نموونەی شیکردنەوەی ئاماری

واتادری هاوکۆڵکەی پەیوەستبوون لەگەڵ نمرەی گشتی برگە واتادری هاوکۆڵکەی پەیوەستبوون لەگەڵ نمرەی گشتبرگە واتادری هاوکۆڵکەی پەیوەستبوون لەگەڵ نمرەی گشتی برگە واتادری هاوکۆڵکەی پەیوەستبوون لەگەڵ نمرەی گشتی برگە

| برگە | هاوکۆڵکەی پەیوەستبوون لەگەڵ نمرەی گشتی | واتاداری | برگە | هاوکۆڵکەی پەیوەستبوون لەگەڵ نمرەی گشتی | واتاداری | برگە | هاوکۆڵکەی پەیوەستبوون لەگەڵ نمرەی گشتی | واتاداری | برگە | هاوکۆڵکەی پەیوەستبوون لەگەڵ نمرەی گشتی | واتاداری |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 | .512** | HS | 9 | 0.091 | NS | 17 | .480** | HS | 25 | .441** | HS |
| 2 | .242* | HS | 10 | .324** | HS | 18 | .489** | HS | 26 | .636** | HS |
| 3 | -0.173 | NS | 11 | 0.071 | NS | 19 | .632** | HS | 27 | .528** | HS |
| 4 | -0.077 | NS | 12 | .385** | HS | 20 | .538** | HS | 28 | .520** | HS |
| 5 | -.200* | HS | 13 | .441** | HS | 21 | .583** | HS | 29 | .401** | HS |

| | | | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | HS | .578** | 22 | HS | .585** | 14 | HS | .311** | 6 |
| | | | HS | .256* | 23 | HS | .648** | 15 | HS | .318** | 7 |
| | | | HS | .584** | 24 | HS | .529** | 16 | HS | .395** | 8 |

ئەگەر پێوەرێک بەسەر تاکێک چەند جارێک دووبارە بکرێتەوە، ئەوا هەمان نمرە یان نزیک لەو نمرەیە بەدەست دێنێت، واتا ئەو تاکەی تاقیکردنەوەکەی بۆ دەکرێت هەمان ئاست دێنێت، تەنانەت ئەگەر کەسی تاقیکاریش کە بەم کارە هەڵدەستێت جیاواز بێت، یاخود بگۆڕدرێت، بەڵام تاقیکردنەوەی جێگیرو نەگۆڕ دەبێت و هەمان ئەنجام دەردەخات، (حنان و نعیم، ٢٠٢٠: ١٢٦) یاخود ئامرازەکە هەمان ئەنجام نزیک لەو ئەنجامە بەدەست دەهێنێت ئەگەر چەند جارێک دووبارە بکرێتەوە.(عبدالحفیظ، ٢٠١٨: ٤٨).

**٦-٦رێگەی تاقیکردنەوەو دووبارە تاقیکردنەوە:**

توێژەر چاوگەنموونەی چینایەتیی هەڕەمەکی هەڵبژارد کە (28) منداڵی کوڕو کچ بوون و بەسەر ژمارەیەك باخچەدا دابەشکرابوون (شنە، گادگرۆس، یاسەمین، لاولاو، گۆنا، رووناکی) لە رێکەوتی (24-2022/10/25)، دوای (14) رۆژیش تاقیکردنەوەکە دووبارە کرایەوە لە رێکەوتی (7-2022/11/8) بۆ هەمان کۆمەڵ، بۆ ئەمەش (هاوکۆلکەی پەیوەستگیریی پێرسۆن) بۆ هەژماری جێگیریی پێوەری بەهای رەوشتی بەکارهێنرا، رێژەی جێگیریش (0.982) بۆ هەژماری پێوەری بەهای رەوشتی بوو.

**٦-٧وەسفکردنی پێوەری بەهای رەوشتی بە شێوەی کۆتایی:**

پێوەری بەهای رەوشتی لە (24) برگە پێکدێت و بەسەر چوار بواردا دابەش کراوە بە واقیعی (4) برگە بۆ بواری یەکەم کە ڕاستگۆییە وە (4) برگەش بۆ بواری دووەم کە دادپەروەریە وە (8) برگەش بۆ بواری سێیەمکە ئەمانەتە وە ( 8برگەش بۆ بواری چوارەم کە مۆڵەتە ، لە رێگەی وەڵامدانەوەی هەڵبژاردنی یەکێك لە سێ جێگرەوەکە وەڵام دەدرێتەوە (1=هەرگیز، 2 = هەندێك جار، 3 = هەمیشە)، نمرەکانیش بە شێوەی سەربەرەو ژێر لە کاتی پشکنیندا هەژمار دەکرێت، بۆیە بەرزترین نمرە کە دەکرێ بەدەست بهێنرێت بریتییە لە (72) نمرەو کەمترینیش (24) نمرەیە. ناوەندە گریمانەی پێوەرەکەش (48) نمرەیە، چونکە ناوەندە خاڵ بڕینە لە کاتی هاویەنگیی ناوەندە پراکتیزەکردن لەگەڵ ناوەندە گریمانەیی، بۆ بڕیاردان لەسەر ئاستی بەهای رەوشتی لای چاوگەنموونەی توێژینەوەکە، نمرەی (1)یش درایە جێگرەوەی (هەرگیز)و نمرەی (2) بۆ جێگرەوەی (هەندێك جار) و نمرەی (3) بۆ جێگرەوەی (هەمیشە) بۆ برگە ئەرێنییەکان.

**١-٧خستنەڕووی ئەنجامەکان و گفتوگۆکردنیان:**

ئامانجی ئەم توێژینەوەیەی ئێستا ناسین و زانینی بەها رەوشتییەکانە لای منداڵانی باخچەی منداڵان، بۆ دڵنیابوون لە ئامانجی ئەم توێژینەوەیەی ئێستاش ئەنجامەکانی توێژینەوەکە دوای پراکتیزەکردنی پێوەری بەهای رەوشتی لای منداڵانی باخچە لەسەر چاوگەنموونەی توێژینەوە پراکتیزەکارییەکە گەیشتە (400) منداڵی کوڕو کچ، ناوەندە نمرەی بەهای رەوشتیش لای چاوگەنموونەی توێژینەوەکە (36.448) بوو بە لادانی پێوەریانە بە رێژەی (5.767)، لە کاتی بەراوردکردنی ئەم ناوەندەیە بە ناوەندە گریمانەی پێوەرەکە کە (48) بوو بەپێی بوارەکانی پێوەرەکە، لە کاتی تاقیکردنەوەی جیاوازیی نێوان هەردوو ناوەندەکە بە بەکارهێنانی هاوکێشەی تاقیکردنەوەی تائی بۆ یەك چاوگەنموونە، ئەوە دەرکەوت کە بەڵگەداری مەعنەوییە لە ئاستی (0.05)و بە نمرەی ئازادی (399)، خشتەی ( 9 ) ئەوە روون دەکاتەوە.

خشتەی ( 9 ) تاقیکردنەوەی تائی بۆ جیاوازیی نێوان ناوەندە نمرەی پێوەری بەها ڕەوشتییەکان و ناوەندە گریمانەی چاوگەنموونەی توێژینەوەکە.

| پێوەر | نمرەی ئازادی | ناوەندە هەژمار | لادانی پێوەریانە | ناوەندەی گریمانەیی | بەهای تاقیکردنەوەی t بۆ بەڵگەداریی جیاوازییەکان | | بەڵگداری |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | هەژمارکراو | خشتەکاری | |
| بەهای ڕەوشتی | N-1 399 | 36.448 | 5.767 | 48 | 40.063- | 1.966 | واتادارە |

-2ئاستی بەها رەوشتییەکان بەپێی بەهاکانی (ڕاستگۆیی، ئەمانەت، مۆڵەت، دادپەروەری):لە ئەنجامدا دەرکەوت کە جیاوازی واتادار هەیە لە نێوان (ڕاستگۆیی، ئەمانەت، مۆڵەت، دادپەروەری) وە جیاوازی هەیە لە نێوان ناوەندە ژمێرەی و ناوەندە گریمانەیی هەر هەمووشیان بچوکترن لە ناوەندی گریمانەیی بۆ نموونە ئەمانەت 11.47 بچوکترە لە 16کە ناوەندە گریمانەییە بە ئاستی یەکەم دادەنرێت وە مۆڵەت 11.29 بچوکترە لە 16کە ناوەندە گریمانەییە بە ئاستی دووەم دادەنرێت ڕاستگۆیی 7.5بچوکترە لە 8کە ناوەندە گریمانەییە بە ئاستی سێیەم دادەنرێت وە دادپەروەری 6.1بچوکترە لە 8کە ناوەندە گریمانەییە بە ئاستی چوارەم دادەنرێت، لەبەرئەوەی نرخی p-value کان بچووکترە لە <0.001 وە نرخی تائی هەژمارکراو بە گشتی هەموویان گەورەترن لە نرخی خشتەیی وەک لە خشتەی (10)خراوەتەڕوو .

خشتەی (10) تاقیکردنەوەی تائی بۆ جیاوازیکردنی نێوان ناوەندە نمرەی بەهای ڕەوشتی و ناوەندە گریمانەی چاوگەنموونەی توێژینەوەکە

| ڕەوە | ژمارەی برگەکان | ناوەندە ژمێرەیی | لادانی پێوەری | ناوەندە گریمانەیی | **بەهای تاقیکردنەوەی t بۆ بەڵگەداریی جیاوازی** | | P-Value | دەلالەت |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | هەژمارکراو | خشتەیی | | |
| ڕاستگۆیی | 4 | 7.575 | 1.756 | 8 | 4.842- | 1.966 | <0.001 | واتادارە |
| دادپەروەری | 4 | 6.100 | 1.458 | 8 | 26.066- | 1.966 | <0.001 | واتادارە |
| ئەمانەت | 8 | 11.478 | 2.694 | 16 | 33.575- | 1.966 | <0.001 | واتادارە |
| مۆڵەت | 8 | 11.295 | 2.847 | 16 | 33.057- | 1.966 | <0.001 | واتادارە |

**٧-٢ڕاسپاردەکان:**

سوودوەرگرتن لە پێوەری بەهای ڕەوشتی، کە ئەم لێکۆڵینەوەیەی ئێستا ئامادەی کردووە لە بەدواداچوونی گەشەی ڕەوشتی لای منداڵان.

گرینگی سەرکەوتنی توانای خێزان و دەزگای فێرکاری و ڕاگەیاندن لە گەشەپێدانی بەها بە شێوەیەکی گشتی و بەها ڕەوشتییەکان بە شێوەیەکی تایبەت لای منداڵان.

پێویستیی بەکارهێنانی ئەو بەرنامە پەروەردەییانەی کە پشت بە شێوازی هاوچەرخانە دەبەستن لە گەشەپێدانی بەهادا.

دەوڵەمەندکردنی ژینگەی ناوپۆل بە ئامرازەکان و پێداویستییەکان و تەکنیکی هاوچەرخ کە جەخت لەسەر لایەنی ڕەوشت و ئاکاری قوتابی دەکاتەوە بۆیە بەپێویست دەزانرێ ڕاسپاردەی قوتابخانەو باخچەکان بکرێت. .

**٧-٣پێشنیارەکان:**

ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەی بەراوردکاریی نێوان بەها ڕەوشتییەکان لای منداڵانی باخچە حکومییەکان و منداڵانی باخچە ئەهلییەکان.

ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەی هاوشێوە بۆ بەها ڕەوشتییەکانی دیکە.

ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەی دیکە سەبارەت بە پەیوەندیی بەها ڕەوشتییەکان بۆ گۆڕدراوی دیکە، وەکو گەشەی کۆمەڵایەتی و مامەڵەکردنی باوان.

## لیستی سەرچاوەکان

### سەرچاوەی کوردی:


-بوكاني،2017، صابر بكر مصطفى، الطبعة الأولى 2017، ( القيم في مجالات الاطفال في اقليم كردستان دراسة تحليلية) اطروحةمقدمه الى مجلس كلية العلوم الإجتماعية فى جامعة كوية وهى جزء من متطلبات درجة دكتورا فلسفة فى علم النفس (علم النفس التربوى ).

علی،ڕازاوابوبكر،2022) ) کاریگەری پرۆگرامێکی فێرکاری پاڵپشت بە چالاکی هونەری بۆ گەشەپێدانی بەهای هاونیشتمانبوون لەلای منداڵانی باخچە کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت.

سەرچاوەکانی عەرەبی:

-أبو عجوة، 9991 ،محمد نجيب احمد، جتمع الاسلامي.. دعائمه و آدابه في ضوء القرآن الكريم ، ، مكتبة مدبولي، القاهرة، مصر، الطبعة الأولى

-ايمان، معنان2020، دور الاناشيد التعليمية في تنمية القيم الأخلاقية لدى طفل الروضة، دراسة ميدانية على عينة من معلمات رياض الأطفال لمدينة بسكرة.

- أبو مغلي، سميح، سلامة، 2002، عبد الحافظ، ابو رداحة، فدوى، التنشئة الاجتماعية للطفل الطبعة العربية- 2002 – داراليازوري العلمية للنشر والتوزيع عمان.

- أرفيس عبدالحفيظ، ،(2018)، دور النشاط البدنى الرياضي المكيف في دعم الاستقرار النفسي والرضا عن الحياة لدى المعاقين حركيا، رسالة ماجستير غير منشورة، جامعة محمد بوضياف-المسيلة، جزائير.

أبوجادو، صالح محمد علي (1998)، سيكولوجية التنشئة الإجتماعية، دار المسيرة للنشر و التوزيع والطباعة، عمان، الاردن.

أبن منظور، ابو الفضل جمال الدين محمد (1954)، لسان العرب المجلد الاول، دار لسا العرب، بيروت .

آل عيسى،تغريد مكى باقر ( :(2010اثر برنامج تعليمى فى تنميه بعد القيم الاخلاقيه لدى أطفال الرياض ، رسالة ماجستير كليه التربيه للبنات،جامعه بغداد.

العمرى ،على سعيدصالح،2020) )تقنين مقياس الانفصال الأخلاقى (MDS)على عينةمن الأفرادفى مرحلتى الطفولة والمراهقة فى البيئة السعودية ،المجلة التربوية-العددالتاسع والسبعون –نوفمبر ،جامعة الملك خالد-المملكة العربية السعودية.

الغريب، رمزية(1988) مدخل الى مناهج البحث التربوي، ط1، مكتبة الفلاح، الكويت.

النعيمي، مهند محمد عبدالستار ( 2014) : القياس النفسي في التربية وعلم النفس، ط1، المطبعة المركزية، جامعة ديالى، العراق.

-الحمداني، موفق (1989): الطفولة، وزارة التعليم العالي والبحث العلمي، جامعة بغداد، سلسلة بيت الحكمة.

- الدويش، منيره بنت عبد العزيز، العقيدة والقيم السلوكية، باحثات، الرياض السعودية، الطبعة ا- الجبوري، محمد ابراهيم حسن (2005): العلاقة بين مستوى القيم الاجتماعية والاضطراب السلوكي لدى طلبة المرحلة المتوسطة، رسالة ماجستير غيرمنشورة، بغداد، كلية التربية، الجامعة المستنصرية.

الغامدي، عبد الرحمن عبد الخالق ( 1418هـــ - 1997 ) مدخل الى التربية الاسلامية، دار الخريجي، المملكلة العربية السعودية.

الراشد، مضاوي عبد الرحمن (2016) فاعلية برنامج مقترح باتخدام القصص والاناشيد الالكترونية في تنمية القيم الاخلاقية لطفل الروضة، المجلة الدولية التربوية المتخصصة المجلد 5، العدد 12 كانون الاول 2016.

العيسى، علي بن مسعود بن احمد ( 1430 - 2009 ) تنمية القيم الاخلاقية لدى طلاب المرحلة المتوسطة من وجهة نظر معلمي التربية الاسلامية بمحافظة القنفذة، رسالة ماجستير، جامعة ام القرى، كلية التربية –قسم التربية الاسلامية والمقارنة، المملكة العربية السعودية.

-العتيبي، جابر مبارك ( 2016 ) القيم الاخلاقية المتضمنة في كتب السراج المنير للمرحلة الابتدائية في دولة الكويت.

المعلوف، لينا ماجد سليمان و العوامرة،عبدالسلام فهد نمر (: (2018 دور رياض الاطفال في غرس قيم التربية الاخلاقية لدى أطفالها من وجهة نظر المعلمات والمديرات في محافظة عمان العاصمة دراسات،العلوم التربويه، المجلد45، العدد4، ملحق 2،.

الجحود، ابراهيم )2006( القيم الخلقية في التعليم ودورها في التنمية، دار الكتاب، تونس

- الجلاد،ماجد زكي (2005)كتاب تعليم القيم وتعليمها، كلية التربية-جامعة اليرموك.

-البيطار،محمد بشارو السبيعى، محمد عدنان، 2013 قرأءة في علموا أولادكم القيم دار العصماء، سوريا، دمشق، الطبعة الأولى.

- المصري ايهاب عيسى، محمد طارق عبد الرؤوف 2013، القيم التربويه والاخلاقيه، - القاهره.

- الصالح، عطية بن محمد أحمد،ز 2002,1424م تنمية القيم الأخلاقية لدى طلاب مرحلة التعليم الأساسي العليا من معلمي التربية الإسلامية في المملكة الأردنية الهاشمية جامعة أم القرى كلية التربية بمكة المكرمة قسم التربية والاسلامية والمقارنة،

- الميداني، عبدالرحمن حبنكة2002. الأخلاق الإسلامية وأسسها، ، ج ١، دار القلم، دمشق، سوريا، الطبعة السادسة،

-السعوى، تهاني عبدالعزيز، فاعلية استراتيجية المشروع في تنمية بعض القيم الأخلاقية لدى طفل الروضة، محاضرة بجامعة القصيم - كلية التربيه - رياض الاطفال، مملكة العربيه السعوديه، مجله كليه التربيه، جامعه الأزهر، العدد ( 184، الجزء الثاني ) أكتوبر سنة 2019 .

-بشير، كروم (2018) أثر برامج باستخدام القصص الحركية في تنمية القيم الأخلاقية وبعض القاصرات ادراكية للاطفال الروضة ( 5 - 6 سنوات ) جامعة محمد بوضياف.

- حنان ،بشتة.،نعيم ،بو عشمة.2020الصدق والصبات فى البحوث الاجتماعية، مجلة دراسات فى علوم الانسان والمجتمع، المجلد٣، عدد 2

- بحيري، محمد عبدالعاطى، مناهج الصالحين في الآداب الإسلامية، ، المكتبة التوفيقية، القاهرة، مصرب.د.ت.

- توق، محي الدين (1980): المستوى الاقتصادي والاجتماعي والترتيب الولادي وتأثيرهما على النمو الخلقي عند عينة من الأطفال الأردنيين، مجلة العلوم الاجتماعية، العدد الثالث، السنة الثامنة.

-جابر، جودة بني جابر (2004): علم النفس الاجتماعي، ط1، دار الثقافة للنشر والتوزيع، الأردن.

داود، عزيز حنا، وعبد الرحمن، انور حسين 1990، مناهج البحث التربوي، جامعة بغداد، دار الحكمة الموصل.

-سلوت، نور السيد( (2005، مفاهيم القيم المتضمنة فى الأناشيد المقدمة لطلبةالمرحلة الاساسيةالدنيا فى مدارس فلسطين، رسالة ماجستير ، كلية الجامعة الإسلامية –غزة

- سليمان، منال عبد العزيز، 2017، (نحوه منظومة من قيم المعتمدة للتربية أطفال الروضة في مصر في عصر العولمة ما في ضوء خبراء متقدمة)، شعبة الدراسات النفسية والاجتماعية.

سلمان، خمائل مهدي (2003): بناء مقياس القيم المفضلة لشخصية المرأة العراقية، رسالة ماجستير غير منشورة، كلية التربية ابن رشد، جامعة بغداد.

-صالح، قاسم حسين (1998): نظريات معاصرة في علم النفس، مكتبة الجيل الجديد، الطبعة الأولى، صنعاء-اليمن.

-صالح، حناشي لعلى، 2014ثر القيم على السلوك الإداري بين الفكر الإسلامي والفكر الوضعي، داراليازورى العلمية للنشر والتوزيع عمان-الاردن

- علي، سعيد إسماعيل، التربية السياسية للأطفال، ، دار السلام، القاهرة، مصر، الطبعة الأولى 2008

- علي، سعيد إسماعيل، اصول التربية الإسلامية، ، دار السلام، القاهرة، مصر، الطبعة الأولى 2007

-علي، اسماء ميرغني حسين وعلي، هويدا سيد احمد محمد ( 2018) فاعلية استخدام القصص الالكترونية في تنمية بعض القيم الخلقية والاجتماعية لطفل الروضة، مجلة الطفولة والتنمية العدد 32، سنة 2018.

- عبود، عبد الغني و عبد العال، حسن ابراهيم (1990) التربية الإسلامية وتحديات العصر،، الطبع الأول، دار الفكر العربي 11 ش جواد حسني - القاهرة )..

-علي، ناهد محمد شعبان (2020) برنامج قائم على استراتيجية التعلم النشط بعض القيم الاخلاقية لدى طفل الروضة، المجلة العلمية لكلية رياض الاطفال –- جامعة بورسعيد.

-عزيز،عمر أبرهيم و سعود، عبد الرزاق محسن (- مجلة زانكو المجله العليمية لجامعة صلاح الدين –أربيل، السنة الرابعة –العدد (8) 1/كانون الثاني.

- فيصل عباس، الاختبارات النفسية، تفنياتها، وإجراءاتها، ط١، دار الفكر، بيروت(1996)، ص94

-كامل، مجدي خير الدين وكدواني، لمياء احمد واحمد، شيماء عبد العزيز عبد الله

( 2021) فاعلية برنامج قائم على الانشطة التفاعلية الالكترونية في تنمية القيم الخلقية لدى طفل الروضة، مجلة دراسات في الطفولة والتربية، العدد التاسع عشر، اكتوبر 2021، جامعة اسيوط.

- لمدى، شعيب أحمد، مقصد العدل عند ابن تيمية، الشبكة العربية، بيروت، لبنان، الطبعة الأولى، 2014

-مهند محمد عبدالستار وتاجيه عبدالرزاق جاسم (2015)، قياس الذكاء الاجتماعى لدى طالبات المرحله الاعداديه، بحث مستل اطروحة دكتوراه، جامعة ديالى

محمد، شحاته سليمان ( 2008) فعالية برنامج قصصي لتنمية القيم الاخلاقية والاجتماعية لطفل الروضة، مجلة كلية التربية جامعة بنها، مجلد 19،

-محمود، ابراهيم يوسف محمد وابراهيم، حماده محمود مسعود ( 2017) اثر التفاعل بين نمط عرض السلوك الاخلاقي ( الايجابي- السلبي – الايجابي والسلبي ) للشخصية بالقصة الالكترونية واستراتيجية التعلم ( لعب الدور – المناقشة ) على تنمية بعض القيم الاخلاقية والاحتفاظ بها لدى عينة من رياض الاطفال، مجلة كلية التربية جامعة الازهر، العدد 172 الجزء الثاني، يناير يناي 2017

- محجوبي، عبدالقادر، مفهوم الأمانة في القرآن الكريم والحديث الشريف، دار ابن حزم، بيروت، لبنان، الطبعة الأولى، 2011،

- مدكور، علي أحمد، منهج التربية في التصور الإسلامي، ، دار النهضة العربية، بيروت، لبنان، الطبعة الأولى1990

نشواني، عبد المجيد (1984): علم النفس التربوي، دار الفرقان للنشر والتوزيع، عمان، الأردن.

هول، وليندزي (1971): نظريات الشخصية، ترجمة: فرج أحمد فرج، قدري محمود، لطفي محمد، الهيئة المصرية للنشر والتوزيع، القاهرة.

وزارة التربية، ( 1994 )، نظام رياض الأطفال رقم 11 لسنة 1978، المديرية العامة للتعليم العام مديرية رياض الأطفال، بغداد، وزارة التربية.

**سەرچاوەی بیانی :**

Aliport .G.W. (1961): "Pattern and Growth of personality", New York, Holt, Rinehart and Winston-

Mussen, P. & Eizengerg, N. (1977): Roots of caring sharing and helping freeman and company, San Francisco-

.Ekstein, R. (1964): Origins of values in children educational leadership, V.21, N.55-

**مستوى القيم الاخلاقية لدى اطفال الروضة**

**ئالان علي احمد**

قسم رياض الاطفال، كلية التربية الاساسية، جامعة صلاح الدين- أربيل،أربيل،أقليم كوردستان،العراق.

allan.ahmed@su.edu.krd

**ئاسو صالح سعيد**

وزارة التعليم العالي والبحث العلمي/ بغداد

asoo642004@gmail.com

**ملخص**

يهدف هذا البحث التعرف على مستوى القيم الأخلاقية لـدى أطفـال الريـاض ، ومسـتوى القـيم الأخلاقيـة وفـق مجالاتهـا (الصـدق ، الامانـة ، الاسـتئذان ، العدل). حدد الباحثان أربعة مجالات رئيسية للقيم الأخلاقية: المجال الأول: الصدق. المجال الثاني: الأمانة ، المجال الثالـث: الاسـتئذان ، والرابـع: العـدل تكونت فقرات المقياس بشكلها النهائى من 24 فقرة، موزعة على أربعة مجالات: 4فقرات للمجال الأول وهو الصدق ، و 4 فقرات للمجال الثاني وهو العدل ، و 8 فقرات للمجال الثالث وهو الامانة. (8 فقرات للمجال الرابع ، الاستئذان ، تتم الاجابة عليها باختيار أحد بدائل الاجابة الثلاثة (أبدًا ، أحيانًا ، دائمًا). 400 طفل وتوصلت النتائج الى ان مستوى القيم الأخلاقية بين أطفـال الروضـة دال عنـد مسـتوى (0.05) ، ومسـتوى القـيم الأخلاقيـة وفـق مجالاتهـا (الصـدق، الامانة، الاستئذان، العدل)، والنتيجة هناك فرق دالة احصائيا بين المجالات وأخيراً توصل الباحثان إلى بعض التوصيات المتعلقة بالبحث الحـالي في ضـوء النتائج.

**الكلمات المفتاحية:** القيم الأخلاقية ، الأطفال رياض

**The Level of Moral Values Among Children of Kindergarten**

**Allan Ali Ahmed**

Department of Kindergarten, College of Basic Education, Salahaddin University-Erbil, Erbil, Kurdistan Region, Iraq.

allan.ahmed@su.edu.krd

**Asoo Saleh Saeed**

Ministry of Higher Education and Scientific Research/ Baghdad

asoo642004@gmail.com

**Abstract**

The aim of this study is to determine the moral values among kindergarten children, and the level of moral values according to the values (honesty, trust, permission, justice). The researcher identified four main areas of moral values: First area: Honesty. Second area: Trust, Third area: Permission, and Fourth area: Justice. The moral value scale consists of 24 items and is divided into four direct areas: 4 items for the first area, which is honesty, 4 items for the second area, which is justice, and 8 items for the third area, which is trust. (8 items for the fourth area, permission, is answered by choosing one of the three alternatives (never, sometimes, always). 400 Children, the aim of this study is to determine the level of moral values among kindergarten children and we found that the moral evidence at the level of (0.05), and the level of moral values according to the values as a result, there is a meaningful difference among (honesty, trust, permission, justice.

Finally, the researcher reached to some recommendations related to the current study in the light of the results.

**Keywords:** moral values, kindergarten .